https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.11

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕەفیق حلمی و ڕێبازی لە نووسینەوەی مێژوودا

دکتۆر شاخەوان عبدالله صابر
- فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران
Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

**پوختە:**

ڕەفیـق حلمـی وەک یەکێـک لەڕونـاکبیرانی کـورد لەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهـانی لەســەر گۆڕەپـانی سیاســی وڕۆشــەنبیری کـوردی بەدیـارکەوت، بەبەژدار بـوونی لە جـوڵانەوەکەی شـێخ محمـودی حەفیـد وپەرەســەندنەکانی تــێکەڵ بەدونیــای سیاســەت دەبێــت، لەنێــوان ســاڵانی١٩٣٩-١٩٤٥دەبێــتە ســەرۆکی پــارتی هیــوا ئەمەش خــاڵی وەرچەرخـانی گرنـگ دەبێت لەژیـانی سیاسی.هاوتەریب لەگەڵ کـارکردنی لەبواری سیاسی حلمی چالاکی بەرچاوی هەبووە لەبوارەکانی پەروەردەو فێرکــردن ورۆژنــامەوانی وەرگێــڕان. هەروەهــا لەدەســتەی دووەمــی مێژوونووسانی کوردی پۆلێن کراوە. لەڕێگای نووسینەوەی یادداشتەکانی بەداڕێژەری بەردی بناغەی یادداشت نووسی کوردی هەژمار دەکرێت.

ئامــانج لەتــوێژینەوەکە بەدیــار خســتنی ڕێبــازی ڕەفیــق حلمــیە لەنووسـینەوەی مێـژوو ئەو خـاوەنی ڕێچـکەی تـایبەت بەخـۆی بـووە لەم بــوارە. هەروەهــا بەو پەڕی بەرپرســیاریەتی وراشــکاوی وجــورئەتەوە بیـروڕاو هەڵوێستەکانی خـۆی دەربڕیـوە، بۆیەش نووسـینی توێژینەوەێک دەربـارەی ئەم باسـە بەپێویسـت زانـرا. گرنگـی تـوێژینەوەکە لەودا خـۆی دەدۆزێــتەوە کە بەپشــت بەســتن بەمیتــۆدی شــیکاری مێژوویــی لەچوارچێـوەی تـوێژینەوەێکی زانسـتی سـەربەخۆ شـێوازی ڕەفیـق حلمـی لەنووسینەوەی مێژوو خراوەتەڕوو.

تــوێژینەوەکە لە دەروازە ودوو تەوەرە ودەرئەنجــام. پێکهــاتووە. لەدەروازە تیشــک خــراوەتە ســەر ژیــانی ڕەفیــق حلمــی وبەرهەمە مێژووییەکانی. تەوەری یەکەمیش لەژێر ناوی**(ئەو زانستە هاریکارانەی کە ڕەفیــق حلمــی لەنووســینەوەی مێــژوو ســوودی لێوەرگرتــوون)**یە. هەروەهـا**(ڕێبـازی ڕەفیق حلمـی لەنووسـینەوەی مێژوو)** بۆتە ناونیشـانی

تەوەری دووەم. لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە توێژەر پێیان گەیشتووە.

**ووشە کلیلیەکان:** ڕەفیق حلمی، یادداشت، مێژوو، شێخ محمود. مقالات، ڕێباز.

### ڕەفیق حلمی وڕێبازی لەنووسینەوەی مێژوودا

## دەروازە : ژیانی ڕەفیق حلمی وبەرهەمە مێژوویەکانی.

## أ- ژیانی ڕەفیق حلمی

ناوی تەواوی ڕەفیق کوڕی محمد ساڵح ئەفەندی کوڕی عبداللە ئەفەندی، کوڕی حاجی غەفوور کوڕی پیرۆز خانی کچی قادر ئاغا، کوڕی همزە ئاغای مەسەڕەفە، دایکی ناوی حەلاوە خانی کچی مارف ئاغا کوڕی عەزیز ئاغا بووە بەهۆی خزمایەتیەوە ژیانی هاوسەریتی لەگەڵ محمد ساڵحی باوکی ڕەفیق حلمی پێک هێناوە. لەبەر ئەوەی باوکی ئەفسەری ڕەدیف بووە لەسوپای عوسمانی بۆیە لەبەرپابەند بوون بەخزمەتی سەربازی خانەوادەکەی هەر ماوەو لەشوێنێک گیرساونەتەوە بۆیەش ڕەفیق حلمی لەساڵی ١٨٩٨ لەشاری کەرکوک لەدایک بووە.لەساڵی١٩٠٩خوێندنی سەرەتایی لەشاری کفری تەواو کردووە،(ساڵح، ٢٠١٨، ١٣). دواتر لەسەر خواستی باوکی دەچێتە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی سلێمانی لەساڵی ١٩١١ خوێندنەکەی تەواو دەکات، دوای ئەوە درێژە بەخوێندنی سەربازی دەدات لەئامادەیی سەربازی لەشاری بەغدا، هەر لەوێش مامۆستایێکی بەناوی عبداللە حلمی کەدۆستێکی نزیکی خانەوادەکەشی بووە ڕەفیق حلمی خۆشویستووە

لەبەر ئەوە نازناوی حلمی پێدەبەخشێ ئەویش پاشگری حلمی بۆ ناوەکەی زیاد دەکات لەوکاتەوەش بەڕەفیق حلمی دەناسرێ. ساڵی١٩١٣ئامادەیی سەربازی تەواو دەکات لەکاتی خۆئامادەکردنی بۆگەشتی ئەستەمبۆڵ بەمەبەستی تەواوکردنی کۆلێژی سەربازی بەهۆی بەکێشەهاتنی لەگەڵ مامۆستایێکی ودواتریش لەگەڵ یەکێک لەپزیشکەکانی نەخۆشخانەیێکی بەغدا تێک دەگیرێن لەئەنجامدا ڕاپۆرتێکی پزیشکی بەرزدەکەنەوە تێدا جەخت دەکەنەوە کە ناوبراو نەخۆشی دڵی هەیە ناتوانێت درێژە بەخوێندنی سەربازی بدات بۆیە بەناچاری لەساڵی ١٩١٤دەچێتە ئەستەمبۆڵ،ساڵی دواتر خوێندنی ئەندازیاری لەزانکۆی قوستەنتینیە تەواودەکات، لەوێش تێکەڵ بەکۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردیەکانی ئەستەمبۆڵ دەبێ و پەیوەندی بەکۆمەڵەی (هێفی) دەکات(صابر، ٢٠٠٨ ، ٢٦-٣٤).

لەماوەی دەسەلاتی شێخ محمودی حەفید (١٩١٨-١٩٢٤)لەناوچەکانی سلێمانی دەوروبەری حلمی دەبێتە ڕاوێژکار ویەکێک لەنزیکەکانی شێخ محمود، پاش ڕاوێژ پێ کردنیشی دەبێتە وەرگێڕ لەگەڵ دەسەلاتدارە سیاسیەکانی ئینگلیز لەوانەش میجەر نۆئیل وکاپتن بیڵ (ڕەفیق حلمی، ب١ ،١٩٥٦، ٦٩-٨٣). لەشوباتی١٩٢٣(نەک ١٩٢٢ وەک حلمی ئاماژەی پێکردووە) وەک ئەندامی شاندێک بەنوێنەرایەتی شێخ محمود سەردانی تورکیا دەکەن(١) لەگەڵ بەرپرسە بالاکانی ئەو ولاتە کۆدەبنەوە لەوانەش حسین رووف بەگی سەرۆک وەزیران ومستەفا کەمال( ڕەفیق حلمی، ب٣، چ٢ ،١٩٩٢،٦٦-١٣٨). دوای کپ بوونەوەی جولانەوەکانی شێخ محمود ڕەفیق حلمی وەک مامۆستا وبەڕێوبەرو سەرپەرشتیارو بەڕێوبەری پەروەردە لەچەندین شاری عێراق وکوردستان دەست بە کار دەبێ(بابان، ٢٠٠٦ ،٣٢٦).

ساڵی١٩٣٩ بەوێستگەیێکی گرنگی ژیانی سیاسی حلمی هەژمار دەکرێ دوای ئەوەی لەلایەن کۆمەڵێک لاوی ڕێکخراوی دارکەران داوای لێدەکرێ سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکەیان بکات،پاش دەربڕینی ڕەزامەندی

گۆڕانکاری گەورە لەسروشتی کاری ڕێکخراوەکە دەکات دوای ئەوەی ژمارەیکی زۆر لەچین وتوێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان پەیوەندی پێوە دەکەن وناوکەشی دەگۆڕی بۆ پارتی هیوا، وەکو پارتێکی ناسیۆنالیستی پەیوەندی سیاسی، وکاریگەری بەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش هەبووە(مختارات من مذكرات صالح الحيدري،٢٠٠٤، ٢١-٢٣)،بەڵام. بەهۆی بوونی ناکۆکی ڕیزەکانی پارتەکە دووچاری کەرت بوون دەبێت، وە لەساڵی ١٩٤٥ هەڵدەوەشێتەوە (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناکۆکیەکانی پارتی هیوا بڕوانە: شمزینی ،١٩٠،١٩٩٨-١٩٣؛ عبدالله، گۆفاری (ڕابوون)، (سوید)، ژ،(٢٦)،١٩٩٩، ٥٧-٦٥).دوای هەڵوەشانەوەی پارتی هیوا ڕەفیق حلمی لەکاری سیاسی دوور دەکەوێتەوە تاوەکو مردنی لەساڵی١٩٦٠ نزیکی ئەم کایە نابێتەوە جگە لەوەی ساڵی ١٩٥٤ وەک بێ لایەنێک خۆی بەربژێر دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران وەک نوێنەری شاری سلێمانی، وە لەساڵی١٩٥٩ لەگەڵ کۆمەڵێک سیاسی عەرەب بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆدامەزراندنی پارتێکی سیاسی بەناوی پارتی کۆماری داوایێک پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ دەکەن بەڵام داواکەیان ڕەت دەکرێتەوە (ساڵح، ٢٠١٨ ،٢٢٩-٢٤٧).

### ب- بەرهەمە مێژوویەکانی(٢)

### یادداشت کوردستانی عێراق وشۆڕشەکانی شێخ محمود:

بەگرنگترین بەرهەمی مێژووی ڕەفیق حلمی دادەنرێت، کە تێدا تیشکی خستۆتە سەر قۆناغێکی گرنگ وهەستیاری مێژووی کورد لەبوارەکانی سیاسی ،کۆمەڵایەتی وئابوری لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) لەوانەش باس کردنی ڕووداو وپەرەسەندنەکانی جوڵانەوەکەی شێخ محمود لەشاری سلێمانی ودەوروبەری وگۆڕانکاریەکانی عێراق وناوچەکە بەتایبەتی جەنگی ڕزگاری تورکی(دەربارەی جەنگی ڕزگاری تورکی بگەڕێوە بۆ: أحمد و

مــراد، ١٩٩٢ ،٢٣١-٢٣٧) بەڕێبەرایەتــی مســـتەفا کەمـــال(١٨٨١-١٩٣٨)، وپەرەســەندنەکانی ســوریا دوای جەنــگ ودۆخــی کوردەکــانی بــاکوری کوردســــتان. بــــایەخ وگرنگــــی مێژوویــــی یادداشــــتەکان لەوەدایە کە نووسـەرەکەی بەهـۆی نزیکی لەشـێخ محمـود وکـارکردن لەگەڵ بەرپرسـە ئینگلیزەکان زانیاری وردو گرنگی ئەوڕۆژانەی یادداشت کردووە کە خۆی ئامادەیی تێیاندا هەبووە وەلە هەندێکیشـان بەژدار بووە .ئەگەر چی وەک خـۆی ئامـاژەی پێکـردووە کەمەبەسـتی ئەو لەتۆمـارکردنی یادداشـتەکانی نووسـینەوەی مێـژوو نـیە بەڵکـو نووسـینەوەی یادداشـتەکانیەتی(ڕەفیق حلمـی، ب٤،١٩٥٦ ،١١٨). هەرچەنـدە نووسـینەوەی یادداشـتیش لایەنێکـی گرنگی مێژووە، هەروەک حلمی لەشوێنێکی تر دانی بەو ڕاستیە داناوە کاتێک باسی نووسینەوەی یادداشتەکانی دەکات بە ڕوونی دەڵی((خـریکم و"خـــــــــــاطراتیکي تـــــــــــاریخي" دەنوســـــــــــمەوە...دەمەویت خاطراتەکەم(تاریخي)بیـت))(ڕەفیق حلمی،خلاصـەی مسـئلەی کـورد،١٩٣٤ ،لەپێشەکی وەرگیراوە) لەلایێکی تر هاوتەریب لەگەڵ باسـی ژیانی تایبەتی خـــۆی پانتـــایێکی گەورەی یادداشـــتەکانی بـــۆ بـــاس کردنـــی ڕووداوو پەرەسەندنە مێژوویەکان تەرخان کردووە.

پاڵنەری سەرەکی نووسینەوەی یادداشتەکانی هەروەکو خۆی باسـی کـردووە ئەوەبـووە کاتێـک لەسـاڵی١٩٣٤ لەشـاری موسـڵ مامۆسـتا دەبـێ مەجیـد خەدوری(٣)یـش کە مامۆسـتا بـووە لەگەڵ حلمـی وهـاوڕێکی خۆشەویسـتی بـووە کتێبێکـی خـۆی بەناوی(المسئلة السـورية)ی بەدیـاری پێشکەشی کردووە، دوای ورد بونەوە لێی تێبینی ئەوە دەکات کە دۆزی سـوریا وپرسـی دانـانی شـا فەیسـەڵی یەکەم(١٨٨٣-١٩٣٣) بەپادشـای ئەو وڵاتە لەزۆر ڕووەوە بەڕووداو وپەرســـەندنەکانی کوردســـتانی عێـــراق و دانانی شـێخ محمـود بەحوکمداری کوردسـتان دەچـێ لەبەر ئەوە پرۆژەی نووسـینەوەی یادداشـتەکانی لەلا گەلاڵە دەبێـت وەک خـۆی ئامـاژە بەوە دەکـــات کە لەو ســـاڵەوە دەســـت دەکـــات بەتۆمارکردنیـــان(ڕەفیق

حلمــی،ب١،١٩٥٦، لەپێشــەکی وەرگیــراوە)هەر لەو ســاڵەش لەنووســینی بەرگی یەکەم بۆتەوە وئامادەکاری دەکات بۆ نووسینی بەرگی دووەم( ڕەفیق حلمی، خلاصەی مسئلەی کورد،١٩٣٤، لەپێشەکی وەرگیراوە)بەڵام بەورد بونەوە لەو ڕێنووس وزمانەی کەوا لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەچاپی یادداشت بەدیارکەوت بەبەراورد بەبەرهەم وەرگێڕانە کوردیەکان ونووسینەکانی تری حلمی لەڕۆژنامەو گۆفارەکانی ساڵانی سی بەدواوە هەروەهــا بەراورد بەنووســینی مێژوونووســانی تــر کــوردو ڕێنووســی کوردی ڕۆژنامەو گۆفارە کوردیەکانی ئەو ڕۆژگارە جیاوازی زۆر گەورە لەنێوان هەردوو ڕێنووسی ساڵانی سی وپەنجاکان بەدی دەکەین، وە تەنیا بەراورد کردنی ئەو ڕێنووس وزمانەی کە حلمی لەوەرگیڕانی پەرتووکی خلاصــەی مسئلەی کــوردی لەســاڵی١٩٣٤ بەکــاری هێنــاوە کە (هاوکــاتە لەگەل تەواو بوونی بەرگی یەکەمی یادداشتەکانی) بەسە بۆ ئەو گومانە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەو ڕێنووسەی یادداشتەکانی پێنووسراوەتەوە نابێ ڕێنووسی ساڵانی سی وچلەکان بێت، بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێ بەر لەچاپدانی یادداشتەکانی دەستکاری ڕێنووسەکانی کردبێ. بەدووریش نــازانرێ لەبەر کــاری وەزیفــی وگواســتنەوەی زۆری ڕاژەکەی لەنێــوان شارەکان چاپکردنی هەر شەش بەرگی یادداشت کەوتبێتە دوای نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، بەجۆرێک چوار بەرگی یەکەمی یادداشــتەکانی بەســەر یەکەوە لەســاڵی١٩٥٦ چــاپ دەکــرێن بەرگــی(٥) لەساڵی١٩٥٧ وبەرگی(٦) یش لەساڵی١٩٥٨ دێنە چاپکردن.دواتر پاکیزەی کچــی هەڵدەســتێت بەکــۆکردنەوەی هەر شــەش بەرگ لەگەڵ هەنــدێک لەیاداشــتەکانی بــاوکی کەدوای مەرگــی دەســتی کەوتــوون لەســێ بەرگ چاپیــان دەکــات، بەرگی یەکەم دووەم لەســاڵی١٩٨٨ وبەرگــی ســێیەمیش لەســــاڵی١٩٩٢ بڵاوودەکــــاتەوە، تێبینــــی ئەوە دەکرێــــت تەنیــــا هەنــــدێک لەنووسینەکانی بەرگی سێیەمی چاپی دووەم کە لەدوای مەرگی باوکی دەستی کەوتوون کەتایبەتە بەگەشتی حلمی بۆ تورکیا بۆ چاپی یەکەمی یادداشت زیاد کراون (صابر، ٢٠٠٧ ،٢٠٠).

**الاكراد منذ فجر التاريخ الى سنة ١٩٢٠**

ئەو بەرهەمە ناونیشانی کۆڕێکە کە حلمی لەساڵی١٩٣٤ لەموسڵ پێشکەشی دەکات ئەوکات لەگەڵ ڕۆشەنبیرانی شارەکە هەرماوەی کۆڕێکی زانستی دەبەستن وتاوتوێی بابەتێک دەکەن، کاتێک نۆرە دەگاتە حلمی بەپێویستی دەزانێت بابەتێکی تێروتەسەل لەسەر مێژووی کورد ئامادە بکات(ڕەفیق حلمی،اکراد منذ فجر التاریخ الی سنة١٩٣٤،١٩٢٠، لەپێشەکی وەرگیراوە) وە لەکۆڕێکی جەماوەری فراوان بەئامادەبوونی(١٠٠٠) کەس بابەتەکەی پێشکەش دەکات(شەمزینی، ٢٠١١ ،٣٢)ناملیکەکە لەدووتوێ (٦٥) لاپەڕە لەساڵی ١٩٣٤ لەموسڵ دێتە وەشاندن. بەشێوەیێکی گشتی بابەتەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕەچەڵەک وشوێنی نیشتەجێ بوونی کورد وزمانی کوردی وجوگرافیای کوردستان بەرهەمی زانایانی کورد وئەو خزمەتانەی پێشەکەش بەشارستانیەت وکەلتوری ئیسلامیان کردووە. لەکۆتاییدا مێژووی شۆڕشە کوردیەکان وهۆیەکانی نووشت هێنانیانی شەنوکەو کردووە(ڕەفیق حلمی، الاکراد...،٢،١٩٣٤-٦٥)پێدەچێت پێشکەش کردنی بابەتەکە لەکۆڕێکی جەماوەری فراوان ودواتریش چاپکردنی لەشێوەی نامیلکەێک هەر لەو شارە هەندێ لە نەتەوەپەرستانی موسڵی قەڵس و تورە کردبێت بۆیەش لەڕێگای ژەهر خوارد کردنیەوە هەوڵی کوشتنیان داوە بەڵام ڕەفیق حلمی بەشێوەیێکی سەیر لەمەترسی مردن ڕزگاری دەبێت(پاکزە ڕەفیق حلمی،٢٠٠٠،٤٩).

**١- مقالات**

ئەم پەرتووکە لەبنچینەدا وەرگێڕاوێکی نامیلکەێکی ڕەفیق حلمیە لەساڵی ١٩٣٥ بەزمانی تورکی لەژێرناوی(کورد مسئلەسی صفحاتندن- چەند لاپەڕەێک لەپرسی کورد)بڵاوی کردۆتەوە کە وەڵام دانەوەێکە بۆ نامیلکەێکی سیاسەتمەداری باکوری کوردستان شوکری محمد سەگبان(٤) کە لەساڵی ١٩٣٤ لەپاریس بەزمانی فەڕەنسی بڵاوی کردبۆوە تێدا

پاشـگەزبوو بـۆوە لەهەمـوو ئەو بیروبـاوەڕو پرسـگەلە نەتەوەییـانەی کە لەماوەکـانی پێشـوو بـڕوای پێـان هەبـووە. هەروەهـا حلمـی هۆکارەکـانی پاشـــگەزبوونەوەی ســـەگبانی ڕوون کـــردۆتەوە، هەر لەچوارچێـــوەی بەرپەرچـدانەوەی بیروڕاکـانی حلمـی وەڵامـی ئەوەشـی داوەتەوە بـۆچی هەریەک لەسـەلاحەدینی ئەیوبی وکەریـم خـانی زەند دەوڵەتێکی کوردیان دروست نەکردووە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی سیاسەتی کەمالیەکان بەرامبەر دۆزی کـــورد لەدوای جەنگـــی یەکەمـــی جیهـــانی. مـــایەی ئامـــاژەیە لەسـاڵی١٩٥٤حلمـی کتێبەکەی خـۆی وەرگێڕاوەتە سـەر زمـانی عەرەبـی بەزنجیـرە لەڕۆژنـامەی (الایـام)ی بەغـدا بـڵاوی کردبـۆوە، دواتـر لەسـەر داوای هەنـدێ دۆسـت وهاوڕێیەکـانی کە زمـانی تورکیـان نەزانیـووە، وە بەهــۆی مەترســی فەوتــانی ئەو ژمــارانەی کە وەڵامــدانەوەکانی حلمــی تێـدابووە لەسـاڵی ١٩٥٦ وتارەکـان لەدوو تـوێی پەرتوکێـک کۆدەکـاتەوە لەژێر ناوی (مقالات) چاپی دەکات(ڕەفیق حلمی،مقالات، ١٩٥٦،٣-٧٩).

## تەوەری یەکەم ئەو زانستە هاریکارانەی  کە ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو سوودی لێوەرگرتوون

### باسی یەکەم: دیدو تێڕوانینی حلمی بۆ مێژوو

زاراوەی مێژوو لەڕووی چەمکەوە بە مانـای کـات ومـاوە دێ،(حسـین (و) العـــزاوي، ١٩٩٢،١٣).مێـــژوو لێکـــۆڵینەوەو وگێـــڕانەوەی ڕووداو وبەســـەرهاتی ڕابـــردوو دەگـــرێتەوە.وە پـــێگەو پـــایەی لەنێـــو هەمـــوو زانسـتەکانی تـر دیـارە بەو پێـیەی هەمـوو زانسـتێک مێژوویێکـی تـایبەت بەخــۆی هەیە، بــۆیەش یەکێــک لەمێژوونووســـەکان زانســـتی مێـــژووی بە((زانستی زانستەکان)) ناوبردووە.(مەزهەر، ٢٠٠٨ ، ١٥-١٦).

سـەبارەت بەدیـدی حلمـی بـۆ مێـژوو بەر لەهەمـوو شـت تێبینـی ئەوە دەکەین کە ناوبراو درکی بەوەکردووە نووسینەوەی مێژوو کـارێکی سـانا وئاســـان نـــیە، ودان دەنـــێ بەوەی ئەم پڕۆســـەیە کـــارێکی قورســـە، ئەم

ڕاستیەشی هەر لەسەرەتای کرداری کردنی دەست دانە نووسینەوەی مێژوو بۆ ڕوون بۆتەوە بۆیەش کاتێک لەنووسینی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی دەبێتەوە بەئاشکرا ئاماژە بۆ قورسی کارەکە دەکات لەم بارەیەوە دەڵێ:((نزيكەی ساليكە خوم توشي باريكي گران كردوه. لەرغمی بی قدريتم؛ خريكم و"خاطراتيكي تاريخي"دەنوسمەوە)) (ڕەفیق حلمی،خلاصەی...،١٩٣٤،لەپێشەکی وەرگیراوە).

بێگومان حلمی وەک ڕۆشەنبیرێکی کورد ڕۆڵی هەبووە لەدیاریکردنی هێلە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی، ئەو لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ئەڵمانیدا بوو کە مێژوو وزمانی بەدوو پێکهێنەری سەرەکی نەتەوە دەزانی. لەناو ڕۆشەنبیرانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم حلمی یەکێک دەبێت لەوانەی هیوای دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێتە یەکێک لەخەمە پێشینەکانی ئەمەش لەیادداشتەکانی بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، وە لەدیدی حلمی دواڕۆژی میللەتان گرێدراوی مێژووی خودی میللەتەکەیە(ساڵح،٢٠١٨ ، ٢٦١-٢٦٢).لەم سۆنگەیەوەش بەدواداچوون وگرنگی دان بەمێژووی نەتەوەی کوردی بەئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆز ولەخۆبردوو زانیووە تاوەکو لەو ڕێگایەوە هەرچی تەپوتۆزو ناڕوونی وگومان وچەوتێک هەیە لەسەر ئەو مێژووە لابدرێ(ڕەفیق حلمی،الاكراد...،١٩٣٤،لەپێشەکی وەرگیراوە).

ئاشنا بوونی نەوەی نوێ بەمێژووی باب وباپیرانی خۆیان وشانازیشی پێوە کردنیشی بەلای حلمیەوە جێگای بایەخە،لەوسۆنگەیەوەش دانانی وانەی مێژووی کورد لەناو پڕۆگرامەکانی گشت قۆناغەکانی خوێندن ئەگەر بەشێوەیکی کورتیش بێت بەپێویستێکی گرنگ دەبینێ(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦، ٦٥).دەتوانین بەشێک لەتێڕوانینەکانی حلمی بۆ مێژوو لەسەرنجی بۆ وون کردن وبەدیارنەکەوتنی بەئەنقەستی مێژووی کورد لەپڕۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکان بزانین کاتێک سەیری پەرتووکەکانی خوێندنی کردووە

جیاواز لەهەموو نەتەوەکانی جیهان هیچ زانیاریێکی دەربارەی مێژووی میللەتەکەی خۆی بەرچاونەکەوتووە، بۆیەش بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێ((ئایا ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە میللەتی کورد شایەنی باس کردن نیە؟)) لەکاتێکدا باس وخواس ومێژووی بچووکترین میللەت لەناو ئەوپڕۆگرامانە بەرچاو دەکەون. سەرەڕای ئەوەش حلمی هەرگیز ڕاڕاو بەگومان نیە لەوەی کە میللەتی کورد مادام تا ئەوکات توانیوویەتی پارێزگاری لەزمان وئەدەبی خۆی بکات بۆیە هاوشێوەی نەتەوە گەورەو سەر دەستەکان خاوەنی مێژوویێکی پڕشنگدارە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین حلمی دڵگرانە لەڕەفتاری دەسەڵاتدارە باڵادەستەکانی سەر ناوچە کوردیەکان کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون مێژووی نەتەوەی کورد پشت گوێ بخەن ولەقوتابخانەکان نەخوێنرێن. وەتێناگات لەوەی بۆ دەبێ دەسەڵاتداران ئەو هەموو قوربانیە زۆر وزلەی گەلی کورد لەبەرچاونەگرن بگرە لەهەوڵی ئەوەشدا بن مێژووی ئەوگەلە موسڵمانە بشارنەوە، لەحاڵێکدا قوربانی وخزمەتە گەورەکانی کورد لەناو لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامی دیارو بەرچاون، لەکاتێکدا کۆمەڵێک لەزانایانی بواری مێژوو بەپشت بەستن بەهەوڵی شاندە شوێنەوارناس وڕۆژهەڵاتناسەکان شەووڕۆژیان خستۆتە سەریەک بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوەی بچووکتر لەکورد، هەروەها حلمی پێی وایە کە شاردنەوەو دەرنەخستنی ڕواڵەتەکانی مێژووی هەر نەتەوەیێک وبەدیارنەخستنی لەپڕۆگرامەکانی خوێندن هیچ سودێکی نابێ ئەگەر مێژووی ئەو میللەتە بەهەموو وردەکارەکانیەوە لەدوو توێی پەرتوک بنووسرێنەوە وبخرێنە بەردەستی خوێنەران(ڕەفیق حلمی، الاکراد...،١٩٣٤،٣-٤).

هەروەها حلمی پێی وایە کە مێژوو وانەی گرنگی تێدایە بۆ هەرمیللەت ونەتەوەیێک گەر بیەوێ پەند وئیلهام لەبەسەر هاتی ڕابردووی خۆی وەربگرێ وە ئەزموونی پێشینەکانی خۆی وەک قوتابخانەیێک سەیر بکات وهەڵەو چەوتیەکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە. بۆنموونە لەگەڵ

ئەوەی تـورک لەدەمـی جەنگـی سـەربەخۆیی دژ بە وڵاتـانی هاوپەیمانـان لەبـارێکی شـپرزەو نـاخۆش دابـوون بەڵام حلمـی وای بۆچـووە کە ئەو نەتەوەیە بە سوود وەرگرتن لەمێژووی ڕابردوویان وزەو توانای ئەوەیان هەبـووە کە دووبـارە هەڵسـنەوە وبەرگـری لەخـاکی خۆیـان بـکەن لەم بارەیەوە دەڵێ:((میللەتی تورک ئەوەندەی خوین تیا مابوو کە هەست بەم بـی شـەرەفی یە بکـا، لە میـژووی رابـوردووی ئیلهـام وەرگری))(ڕەفیـق حلمـــی،ب١،١٩٥٦،٨).وەبڕواشـــی وایە کە دەبـــێ ســـوود لەدەرفەت وهەلە مێژووییەکان وەربگیرێ وهەلومەرجە دەرەکی وگۆڕانکاریە نێودەوڵەتی وناوچەییەکان لەدەست نەدرێن، بۆنموونە لەباسی کۆششەکانی شـەریف پاشـای خەنـدان (١٨٦٥-١٩٥١) لەکـۆنگرەی ئاشـتی پـاریس١٩١٩-١٩٢٠ وهەوڵەکـانی بـۆ جێگیرکردنـی بەنـدەکانی تـایبەت بەکـورد کە لەپەیمـانی سیفەر دا هاتبوون دەڵێ: ((ئەمە هەنگاویکی گەورە بوو کە بەرەو استقلال وسـەربەخۆیی کوردسـتان هـاویژرا. بەلام داخەکەم کورد لەو هەلە هیچی دەس نەکەوت))(ڕەفیـــق حلمـــی،ب١، ١٩٥٦ ،٢٠).(بۆزیـــاتر ئاشـــنابوون بەهەوڵەکانی شەریف پاشا لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس بگەڕێوە بۆ: عزت بادي، ٢٠٠٥ ، ١٣٨-١٨٧).

لەپێکهاتەی مێژوودا حلمی بڕوای بەڕۆڵی یەکلاکەرەوە وگرنگی تاک وکەسـایەتی وقارەمانەکـان هەبـووە لەئاڕاسـتەکردنی ڕەوڕەوەی مێـژوو، وڕێبەرایەتـی کردنـی گەل ونەتەوەو، ودەرکردنـی بڕیـاری بـوێر ولەجـێ لەکاتە هەسـتیارە چارەنووس سـازەکان تـا ڕادەی سەرکێشـی وسـەرچڵی بەژیـانی تـایبەتی خۆیـان وبە دواڕۆژی نەتەوەکانیشـیان(دەربارەی ڕۆڵـی کەسایەتی وقارەمان وکاریگەریان بەسـەر ڕەوتـی ڕووداوەکـان بگەڕێووە بـۆ: پلیخـانۆف: ٢٠٠٥ ،٥-١٠٠؛ بورهـان، ٢٠١٥ ،٦٥-٧٧) بـۆ نمـوونە حلمـی سـەرسامە بەسەرکێشـی مستەفا کەمـال کە((ملـی بـۆ قەومـاو)) وسیاسـەتی ئەمـری واقیـع نەنوانـد وملکەچـی بڕیارەکـانی خەلـیفە نەبـوو، ونەگەڕایەوە ئەستەمبۆڵ ولەئەنقەرە مایەوە هەر لەوێش بڕیاری شـەڕیدا بـۆ دەرکردنـی

هێزەکـانی هاوپەیمانــان لەخــاکی وڵاتەکەی، بـۆیە لەدیـدی حلمــی ئەگەر مسـتەفا کەمـال کەمـال ئەو سـەرکێشـیەی نەکردبـایە ((لەوانەبـوو بڵێین کە(مێـژوو) نـاوی (ئەتـاتورک)ی نە ئەبیسـت)) (ڕەفیـق حلمـی، ب١، ١٩٥٦ ،٧٥). بەڵام هاوتەریـب لەگەڵ ئەو ڕایەشـی حلمـی بـڕوای بەکـاری پێکەوەیـی هەبـووە وپێی وابووە کەدەبێ سـەرکردە هەموو عەقڵ وتوانستەکان لەدەوری خۆی کۆبکــاتەوە وە وزەو توانــای هــیچ چــین وتــوێژێکی کــۆمەڵایەتی بەکەم نەگرێ، بۆنموونە  لەکاتی شەڕی دەربەندی بازیانی نێوان سـوپای ئینگلیـز وشێخ محمـود لەحـوزیرانی ١٩١٩ هەمـاهەنگی وبەژداریکردنـی ئەفسـەرانی کورد شان بەشانی چەکدارانی هۆزەکان وئاشنابوون بەجوگرافیای شـەڕو تەکنیـک وهـونەری ڕووبەڕوو بـوونەوە لەگەڵ لەشـکرێکی نیزامــی وەک سـوپای ئینگلیز بەفاکتەرێکی گرنگ زانیـووە بـۆ یەکلاکـردنەوەی شـەڕەکە لەبەرژەوەنـدی سـوپاکەی شـێخ محمود،(ڕەفیـق حلمـی،ب٢ ،١٩٥٦ ، ١٣٨-١٣٩).

حلمی لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کەمێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەو ڕاستیەشـی لەچەنـد شـوێنی یاداشـتەکانی چەنـد بـارە کـردۆتەوە بۆنمـوونە دەربــارەی کارەســاتی موسـڵ(٥) وکــوژرانی شــێخ ســەعید وکــوڕەکەی لەسـاڵی ١٩٠٨ دەڵـێ: ((بەراسـتی کارەسـاتی (کـربلا) تـازە بـوو بـوەوە)) (ڕەفیق حلمـی، ب١ ،١٩٥٦ ،٤٦) دەربـارەی  ناپـاکی کردنـی موشـیر ئاغـای حەمەی سـلێمان لەشـێخ محمـود ویـارمەتی دانـی  ئینگلیزەکـان لە شــەڕی دەربەنـدی بازیـان ( بـۆ درێـژەی ئەم باســەو وگفتوگـۆ لەســەری بـڕوانە، مەزهەر، ٢٠٠١ ،٢٢١-٢٤٩) دەڵـــێ ((مێـــژوو، کارەســـاتە گرنگەکـــانی (پلۆپۆتەز)و (تەرمۆپیل)ی دووبـارە ئەکـردەوە)) (داخەکەم- لەم کـاتەدا کە لە خـاکی کوردسـتانا کارەسـاتی (کـربلا) تـازە ئەکـرایەوە)) (ڕەفیـق حلمـی، ب٢ ،١٩٥٦ ،١٢٦-١٣٠). جیـا لەوەش لایەنگیـری ئەو بۆچـوونەش بـووەکە نــابێ لەهەر بــارودۆخ ولە پێنــاو هەرکەس و بــۆ بەرژوەنــدی  نەتەوەو کەسایەتیەکان مێژوو بەلاڕێدا ببرێ وتێکەڵ بەزانیاری نادروست بکرێ،

بەڵکـو دەبـێ ڕاسـتیە مێـژووییە نەگۆڕەکـان وەک خۆیـان بخـرێنەڕوو. بۆنموونە لەگەڵ ئەوەی دڵخۆش بووە بەسەرکەوتنەکانی سوپاکەی شێخ محمـود لەگەڕی یەکەمـی شـەڕی دەربەنـدی بازیـان، بەڵام تێبینـی ئەوەی کردبوو دەنگۆی سـەرکەوتنەکەی شـێخ لەشـاری ڕەواندز زیاد لەخۆیان گەورە کرابوون درۆو زانیاری زیادەیان خستبووە سـەر بە جۆرێک بۆتە مـایەی سەرسـوڕومانی خەڵکی(ڕەفیـق حلمـی،ب٢ ،١٩٥٦ ،١٢٩). هەروەهـا حلمی هۆکاری ئەو وڵامدانەوە دوورودرێژەی شوکری محمد سەگبانی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کەنـاوبراو وویسـتویەتی لەڕاسـتیە مێژوویە نەگۆڕەکـان لابـدات و لەخـۆیەوە ((شـت بـۆ مێـژوو هەڵبەسـتێ)) ئەویـش هەوڵـی داوە هەڵبەسـتراوەکانی سـەگبان بەتـاڵ بکـاتەوە کە بەنـاوی ڕاسـتی ومێـژوو تۆماری کردوون (ڕەفیق حلمی،مقالات، ١٩٥٦ ،٦).

بەلای حلمـیەوە بـوونی زانیـاری مێژوویـی وقوڵبـوونەوە لێـی دوو پێداویسـتی گـرنگن بـۆ ئەو کەسـانەی کە قسـە لەسـەر مێـژوو دەکەن،وە لەگەڵ ئەوە نەبووە بەبێ بوونی زانیاری هەموو کەس قسە لەسـەر مێژوو بکات. بە مانایێکی تر بەشێوەیێکی ناڕاستەوخۆ بـوونی پسـپۆڕی بەپێویسـت زانیـووە بـۆ ئەو کەسـانەی کە لەبواری مێـژوو دەکۆڵنەوە، لەبەر ئەوەشـە ئەو مـافە دەداتە مـێجەر سـۆن ((بەنـاوی زانسـت ومێـژوو قسـە بکـات)) چـونکە لەدیدی ئەو نـاوبراو زانیـاری فراوانـی هەبووە لەسـەر بـارودوخی کوردستان))(ڕەفیق حلمی، مقالات، ١٩٥٦ ،١٧).

بیرۆکەی دابەشـکردنی مێژوو بۆ چەند قۆناغێک یەکێکە لەبـابەتگەلە گرنگەکـــانی مێـــژوو، هەوڵە ســـەرەتاییەکانی ئەوە دابەشـــکاریەش بـــۆ ســـەدەکانی ناوەڕاســـت دەگەڕێـتەوە، بەڵام ڕوڵەتەکـانی ئەم دابەشـکاریە لەسـەدەکانی (١٧-١٨) زیـاتر بەدیـارکەوتن کاتێک مێـژوی جیهـان دابەش کـرایە سـەر سـێ قۆنـاغی سـەرەکی (کۆن، ناوەڕاسـت، نوێ)(احمـد، مجلـة (الحکمـة)، بغـداد، ع(٥)، السـنة الاولـی، تشـرین الثـاني-کـانون الاول،١٩٩٨ ،١٤)،دیـــارە حلمـــیش پەیـــڕەوی لەوجـــۆرە دابەش کـــاریە کـــردووە لەم

سۆنگەیەوەش بەپشت بەستن بەبیروڕای مێژوونووس وڕۆژهەڵاتناسەکان مێژووی کوردی کۆن وهاوچەرخی دابەش بەسێ قۆناغی سەرەکی ولێک جیاواز کردووە(حلمی، الاکراد...،١٩٣٤،١٤).

هەروەها حلمی وای بۆچووە کەدەبێ خوێندنەوە بۆ مێژوو لەسیاقی کات وسەردەمی خۆی بێ نەک بە چاوی ئێستا خوێندنەوە بۆ ڕابردوو بکرێ، ئەو باسەی لەچوار چێوەی دروست نەکردنی دەوڵەتی کوردی لە لایەن هەریەک لەسەلاحەدینی ئەیوبی وکەریم خانی زەندەوە بەشێوێکی ورد وبابەتیانە ڕوون کردۆتەوە وسەلماندوویەتی کە ئەو جیاکاریە نەتەوایەتیەو ئەو بیرە نەتەوەییەی کە لەسەردەمی ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ لەوکاتدا بوونی نەبووە(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦ ،٢٤-٣٢).

## باسی دووەم: ئەو زانستە هاریکارانەی کەڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو سوودی لێوەرگرتوون.

هەرچەند مێژوونووس تەواوی مەرجەکانی نووسینەوەی مێژووشی تێدا بێت وخاوەن پاشخانێکی ڕۆشەنبیری قوڵیش بێت، بەڵام ئەستەمە بتوانێت لەکارەکەیدا سەرکەوتووبێت بە بێ بەکارهێنانی کۆمەڵێک زانستی هاریکار کەیارمەتی دەرێکی باشی دەبن لەنووسینەوەی توێژینەوەکەیدا، چونکە پیشەی مێژوونووسیش وەک باقی پیشەکانی تر پێویستی بە کۆمەڵێک کەرەستەو پێداویستی سەرەکی هەیە پێویستە مێژوونووس پەنایان بۆ بەرێت کەپێیان دەگوترێت (زانستە هاریکارەکان یاخود یاریدەدەرەکان- العلوم المساعدة) (طه، ١٩٩٠ ،٢٥-٢٦). کە بریتین لەکۆمەڵێک زانست وزانیاری وشێواز ومیکانیزم توێژەر سوودیان لێ دەبینێت وپشتیان پێدەبەستێت لەتێگەیشتن لەبابەتی توێژینەوەکەی، لەگەڵ پاک کردنەوەو وڕەخنەگرتن لەدەقە مێژوویەکان(حسین(و)العزاوي،١٩٩٢ ،١٠٧).

**لەو زانستە هاریکارانەی کە ڕەفیق حلمی لەکاتی نووسینەوەی مێژوو پشتی پێبەستوون بریتین لە:**

**١- زانستی جوگرافیا**

زانستی جوگرافیا پەیوەندیێکی توندوتۆڵی لەگەڵ مێژوودا هەیە وەیەکێکە لەهۆکارە یارمەتی دەرەکانی نووسینەوەی مێژوو، وە ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەئاڕاستە کردنی پەرەسەندنە مێژووییەکان. بۆنموونە زەوی شانۆی ڕووداوە مێژووییەکانە ڕۆڵی هەیە لەدیاری کردنی چالاکی مرۆفەکان، هەروەها جوگرافیا کاریگەری هەبووە لەدیاریکردنی پەیدابوون وسەرهەڵدانی شارستانیەتەکان لەچەند شوێنکی دیاریکراو، هاوکات ڕێگریش بووە لەسەرهەڵدانی لەشوێنی تر (الحويري،٢٠٠١ ،١٨٠-١٨١).

حلمی جوگرافیای وەک بەشێکی تەواوکراو ولێکدانەبڕاوی زانستی مێژوو دیوە، بۆیەش باس کردنی جوگرافیای وەک کارێکی پێویستی وگرنگ سەیر کردووە بۆگەیاندنی وێنەیێکی ڕوون وتەواوی مێژووی کورد بۆ خوێنەرانی. بۆ نموونە کاتێک باسی مێژووی کوردی کردووە هەرلە بەرەبەیانی مێژووەو لەبەشێکی سەربەخۆ لەژێر ناونیشانی (جوگرافیای کوردستان)باسێکی تەرخان کردووە، بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافی کوردستانی گەورەو، دواتریش باسی جوگرافیای کشتوکاڵی کوردستان وگرنگترین ئەو بەروبوومانەی کە هەناردەی دەرەوەی کوردستان دەکرێت کردووە. لەکۆتایش بەپشت بەستن بەئامارە فەرمیەکان ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی گەورەی دیاری کردووە(ڕەفیق حلمی، الاكراد...،١٩٣٤،٢٢-٣٢).

لەنووسینەوەی مێژوو حلمی درکی بەبایەخ وگرنگی زانستی جوگرافیا کردووە لەگۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوکان بۆنموونە بەشێک لەهۆکارەکانی شکستی شێخ محمودی لەشەڕی دەربەندی بازیان گێڕاوەتەوە بۆ درک نەکردنی شێخ بەبایەخ وگرنگی جوگرافیای شەڕ

ودابەش  نەبــوونی ســوپاکەی بەســەر ســنووره جــوگرافیه جیاوازەکــان وخۆقەتیس دانـی لەچوارچێوەی جوگرافیـایکی بەرتەسـکی وەک نـاوچەی دەربەنـدی بازیـان وچـاوەڕوانی کردنـی دووبـاره هـاتنەوەی هێزەکـانی ئینگلیـز لەکەرکـوکەوه بـۆ جـاری دووەم دوای شکسـتیان لەگەڕی یەکەمـی شەڕەکە، حلمی لەگەڵ ئەوە بووە شێخ محمـود بەشێک لەهێزەکانی لەژێر سەرپەرشـتی هۆزەکـان وچەنـد ئەفسـەرێک لە(زێـی کۆیە- مەبەسـتی زێـی بچـووکە) بپەڕینـایەوە، هێـزێکیش لەژێـر سەرپەرشـتی شـێخ پاشەکشـەی بکـردایه بـۆ جوگرافیـایکی فـراوان وبیـدابایە پـاڵ شـاخەکانی نـاوچەی سورداش بەشەڕی پارتی زانی کە حلمی بە شەڕی((چەتە)) نـاوی بـردووە هێزەکـانی ئینگلیزیـان شـپرزەتر دەکـرد (ڕەفیـق حلمـی، ب٢ ،١٩٥٦ ، ١٣٨- ١٣٩).

لەگەشتەکەیان بۆ تورکیا لەساڵی ١٩٢٣حلمـی وەک جـوگرافی ناسـێک ســـەرنجی خســـتۆتە ســـەر زۆرێـــک لەڕواڵەت ودیـــارده جوگرافیەکـــان بەجۆرێـک بەهەر شـارێک ڕەت بووبێـت خـوێنەرانی بێـبەش نەکـردووە لەپێـدانی هەنــدێک زانیــاری جــوگرافی دەربــارەی شــوێنی جــوگرافی وئـاووهەوا وە لەهەندێکیشـیان تەنـانەت شـێوازی ڕێکخسـتنی شـەقام وژمـارەی دانیشـتوان و دووری نێـوان شـارەکان وپیشـەی دانیشـتوانی بەشێک لەشارەکانی باس کردووە، هەندێک جاریش بەراوردی ئاووهەوای دووشاریش دەکات، بۆ نموونە هێمای بۆ ئەوە کردووە ئاووهەوای شـاری عینتـاب زۆر جیـاواز بـووە لەگەڵ ئـاووهەوای ئەنقەرە(ڕەفیـق حلمـی، ب٣ ،چ٢، ١٩٩٢ ،١٥٢).هەروەهـا وەک پســپۆڕێکی بـواری جوگرافیـای شـار هەڵسـەنگاندن بۆ بـوونی کۆمەڵێک تایبەتمەنـدی پایتەختەکـان دەکـات، لەم لایەنەوە پێی وابووە شاری ئەنقەرە ئەو شوێنە نەبووە کەمالیەکـان بیکەنە پـایتەختی خۆیـان وسیماکانی پـایتەختی دەوڵەتـی پێوە دیـار نەبـووە. وەبە هۆی بـوونی خزمەتگـوزاری گشـتی زۆر لەوانەش (شـوێنی حەوانەوە، نـان خـواردن، کتێبخـانە، سـینەما، شـوێنی کۆبـوونەوە، بـاخچەی فـراوان،

وهۆیەکانی ڕابواردن) ئەستەمبۆڵی لەلا پەسند وگونجاو تربووە کە وەک پایتەختی خلافەتی عوسمانی دەرکەوتبوو(ڕەفیق حلمی، ب٣، چ٢، ١٩٩٢، ١٢٤-١٢٥).

**١- زمان**

زمان یەکێکە لەو فاکتەرە هاوکارانەی کە یارمەتی توێژەر دەدات لەنووسینەوەی مێژوو، وەدەبێ توێژەر ئەو زمانە ڕەسەنە بزانێ کە بابەتی توێژینەوەکەیەتی، لەبەرئەوەی وەرگێڕانەکان بەس نین بۆ دەست خستنی زانیاری تەواو وتێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لەسەر توێژینەوەکە. بۆنموونە ئەو توێژەرەی دەربارەی سەدە ناوەڕاستەکانی ئەوروپا دەنووسێت دەبێ زمانی لاتینی بزانێت(عثمان، ١٩٧٠، ٢٦)،دیارە حلمیش درکی بەگرنگی زمان کردووە لەتۆمارکردنی مێژوو، واشی بۆچووە کە زمانی کوردی زمانێکی مردوو نیە کە تایبەت بەگروپ گەلێکی ژمارە کەم بێت وهیچ ڕۆڵێکیان لەمێژوو ولە خزمەت بەشارستانیەتی جیهانی نەبووبێت(ڕەفیق حلمی،الاکراد...،١٩٣٤،٣٤)، بەڵکو پێی وابووە کە گەلی کورد خودان زمانێکی زیندوو وسەرنج ڕاکێشن وە لەڕیزی زمانە زیندووەکانیشە لەڕووی توانای بەکارهێنانی لەبوارەکانی ئەدەب وشیعر وهونەر ئەمەش بەهۆی بوونی چەند خاسیەتێکی دیاری زمانەکە(ڕەفیق حلمی، مقالات، ١٩٥٦، ٦١).

بەلای حلمیەوە گرنگ بووە مێژوونووس چەند زمانێکی زیندووی جیهانی بزانێ، خۆشی بەرهەمە مێژوویەکانی بەزمانە جیاوازەکانی وەک کوردی ،تورکی، وعەرەبیش نووسیووە بۆیەش پەسنی محمد ئەمین زەکی مێژوونووس دەکات کە چەند زمانێکی زانیووە وەک دەڵێ:((شارەزای گەلیک لەزمانەکانی شرق وغربیشە))وە ئاماژەی بەوەش کردووە کەزەکی جگە لەزمانی کوردی ،عەرەبی، زمانەکانی تورکی ،فارسی ،فەڕەنسی، وئینگلیزیشی زانیووە(ڕەفیق حلمی، ١٩٤١، ٣٦).

هەر لەچوارچێـوەی ڕۆڵـی زمـان لەنووسـینەوەی مێـژوو دەبـێ مێژوونـووس بەزمـانێکی سـادە وبێ گـرێ وگـۆڵ بنووسـێت بەجـۆرێکی وابێـت هەمـوو خوێنەرێـک بەئاسـانی لەنووسـینەکەی بگـات. تێبینـی ئەوە دەکرێـت حلمـی ئەگەرچـی وەک ئەدیـب وشـاعێرێکیش دەرکەوتـووە بەڵام بەزمانێکی سادە ودوور لەداڕشتن وشێوازێکی ئەدەبی ئاڵۆز دەنووسێت تەنـانەت لەچەنـدین شـوێنی یادداشـتەکانی ئەگەر هەسـتی بەوە کردبـێ ووشەیێکی نامۆ یاخود ووشەیێکی کوردی پەتی یا عەرەبی بەکار هێنابێ ئەوا لەپەراوێـزدا ووشـەیێکی تـری کـوردی یـاخود هـاو واتەکەی لەزمـانی عەرەبی بەکارهێناوە. بۆنمـوونە لەبەرامبەر ووشـەی(موتارەکە) وشـەکانی وازلێهێنـان، وبـڕینەوەی شـەڕی دانـاوە. هەروەهـا بـۆ ووشـەی(رووپێی وەرگـرتن) ووشـەی(توجیە)عەرەبی، وە لەبەرامـبەر ووشـەی(نەرمە) ووشەکانی لاشە وجنازەی نووسیووە(ڕەفیق حلمی، ب١ ،١٩٥٦ ،٦-٣٢).

## ٢- زانستە سیاسیەکان

لەڕاسـتیدا ڕووداو وپەرەسـەندنە سیاسـیەکان بنچینەیێکـی گرنگـی پێکهـاتەی مێـژوون، هەربـۆیەش گـرنگە مێژوونووسـان ئاگـاداری ڕووداو وگۆڕانکاریە سیاسیەکان بن. لەگرنگترین پایەکانی سیاسـەتیش پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکـانە یـاخود ئەوەی پێدەگوترێت(دبلۆماسـیەت) ئەم لایەنەش جێگای بایەخ وسـەرنجی مێژوونووسـانن چـونکە هەردوو زانسـتی مێژوو وسیاسـەت سـەروکاریان لەگەڵ یەکتـر هەیە، هەروەک هەنـدێ فەیلەسـوف گوتویانە((مێژوو زانستی سیاسیە لەڕابردوو))هاوکات ((زانسـتی سیاسـیش زانسـتی مێژووە لەداهاتوو)).هەروەهـا پەیونـدی نێـوان وڵاتـان وبەسـتانی پەیماننامە سیاسـی وسـەربازیەکان وهەڵگیرسـانی شـەڕ وگرێدانی پەیمـانە ئاشـتیەکان بنچیـنە وکرۆکـی زانسـتە سیاسـیەکانن، لەلایێکـی تریشـەوە سـەرچاوەیێکی دانسـقەی مێژوونووسـانن. لەبەر ئەوەشـە زۆر جـار بەزەحمەت سنووری نێوان مێژووی هـاوچەرخ وزانستە سیاسیەکان لێک جیـا دەکـرێنەوە بەتـایبەتی لەبـواری نێـودەوڵەتی، چـونکە پەیوەنـدیە

نێودەوڵەتیەکان وئەو دەرئەنجامانەی لێی پەیدا دەبن مادەی یەکەم وخامن بۆ مێژوونووس کە بابەتە مێژوویەکانی لێ دروست دەکات بەتایبەتی لەپسپۆڕی مێژووی هاوچەرخ (الحويري، ٢٠٠١ ،١٨٠).

هەرچەندە حلمی وەک مێژونووسێک بەدیارکەوتووە بەڵام خۆشی لە پایەی سیاسەت زانێکیش کەمتر نەدیووە بۆ نموونە کاتێک شاندەکەی شێخ محمود لەتورکیا بەڕێدەکرێنەوە بۆ سلێمانی بە بێ پێدانی هیچ نووسراوێکی فەرمی بۆ شێخ حلمی بەتوانجەوە دەنووسێ ((تورکەکان زۆر خۆیان بە سیاسی وئێمەشیان بەکەرێکی تەواو ئەزانی، ئەگینا ئەبو کە هیچ نەبێ بۆ ئەوەی من تەفرە بدەن کاغەزیکم پیا بنێرن بۆ شیخ محمود))(ڕەفیق حلمی ،ب٣ ، چ ٢ ،١٩٩٢، ١٤١).

هەروەها حلمی تەوزیفی زانستە سیاسیەکانی کردووە لەنووسینەوەی مێژوو، وەشیکردنەوەی وردی بۆ گۆڕانکاریە سیاسیەکان کردووە وئاگادارێکی باشی بنەماکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وناوچەیی وپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بووە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ پەرەسەندنە هەرێمایەتیەکانی تورکیا وسوریا وهەڵوێستی زلهێزەکان لەهەمبەریدا، هاوتەریب باسی ڕووداوەکانی عێراق وباشوری کوردستان وئاسۆی دۆزی کورد ودەست نیشان کردنی هێلە گشتیەکانی سیاسەتی زلهێزەکان لەوانەش بەریتانیا دەربارەی پرسگەلەکانی وەک سیستەمی(سەرپەرشتی کردن-ئینتداب)وپەیمانی سیفەر ولۆزان وجولانەوەکانی شێخ محمود وچارەنووسی کوردستانی باشور ویەکلاکردنەوەی مەسەلەی ولایەتی موسڵی بۆخوێنەرانی یادداشت کردووە.

چەمک وبنەما سیاسیەکانی وەک (دیموکراسی،مافی کەمینەکان، هەڵبژاردن ،پاراستنی سەروەری خاک، ومافی چارەی خۆنووسین)، لەنووسینەکانی حلمی ڕەنگیان داوەتەوە. لووتکەی تێگەیشتنی حلمیش

لەبنەماکانی سیاسیەت ودیموکراسی کەهێشتا تەمەنی٢٥ ساڵ بووە لەو گفتوگۆیە دەردەکەوێ کە لەگەڵ (عەلی سائیب بەگ) ئەنجامی داوە کە نوێنەری شاری ئۆرفە بووە لەئەنجوومەنی نیشتمانی تورکیا دەربارەی هەڵبژاردن لەو وڵاتە کە کاندیدەکان لەلایەن حکومەتەوە دەست نیشان دەکران دەبوایە خەڵکیش دەنگیان پێبدات، حلمی بڕوای وابووە ئەوە (دانان) بووە نەک هەڵبژاردن وئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر حکومەت بڕوای بەوە نەبووە میللەت بەئارەزووی خۆی کەسەکان دیاری بکات ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بە پێویست نەزانیووە، بەڵکو بۆچوونی وابووە حکومەت ڕاستەوخۆ ئەوکەسانە ڕەوانەی ئەنجوومەن بکات کە گەرەکیەتی دەربچن، یاخود دەستبەرداری ئەنجوومەن بێت و حکومەت بێ چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان کارەکانی ڕایی بکات(ڕەفیق حلمی ،ب٣ ،چ٢ ،١٩٩٢، ١٤٧-١٤٨).

### ٤- زانستی ئابوری

ئابوری لەزانستە بنچینەیەکانە کە یارمەتی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی توێژینەوەی مێژوویی دەدات، بێگومان فاکتەرە ئابووریەکانیش کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوو پەرەسەندنە مێژووییەکان هەبووە بۆنموونە دەرامەتی سروشتی لەهەر وڵاتێک جۆری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وپیشەسازی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی وچالاکیەکانی وڕێگای دابەش کردنی دەراماتەکە وسەروت وسامان وکۆبوونەوەی لەلای چینێکی دیاریکراو دیاری دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی وڵات وسیستەمی حوکمڕانی وبوژانەوەو وهەژاربوونی هاوڵاتیانەوە هەیە(حسین (و) العزاوي،١٩٩٢ ،١٢٣).

لەکاتی باس کردنی ڕووداو وپەرەسەندنە سیاسیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی حلمی بازی بەسەر کاریگەری جەنگەکە بەسەر دۆخی ئابوری کوردستانی باشور نەداوەو ئاماژەی بەکۆمەڵە فاکتەرەێکی

تێکچوونی دۆخەکە کردووە، حلمی کە خۆی شایەد حاڵی ڕووداوەکان بووە وێنەیێکی مەترسیداری ڕەوشەکەمان بۆ دەگوازێتەوە کەزستانی سارد وبەفربارین شان بەشانی نەبوونی کەلوپەل وپێداویستیە خۆراکیە سەرەکیەکان چۆن تەنگیان بەدانیشتوان هەڵچنیووە بەجۆرێک ڕۆژ نەبووە بەلایەنی کەم دەکەس لەشاری سلێمانی گیان لەدەست نەدات، تەنانەت دۆخەکە بەئاستێک گەیشتووە لەتوانای شارەوانی نەماوە تەرمەکان ئەسپەردەی خاک بکات، مانەوەی لاشەکانیش لەسەرشەقام وکۆلانەکان دیمەنێکی ترسناک ودڵ هەژێنیان دروست کردووە(ڕەفیق حلمی، ب١ ،١٩٥٦، ٢٩-٣٣).

هەروەها حلمی وەکو مێژوونووسێک هەستی بەگرنگی فاکتەری ئابوری کردووە لە ئاڕاستەکردنی ڕەوتی ڕووداوو پەرەسەندنە مێژووییەکان بۆ نموونە دەنگدانەوەی دەنگ وباسی سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی سوپای شێخ محمود لەگەڕی یەکەمی شەڕی دەربەندی بازیان بەسەرسوپای ئینگلیز لەشاری ڕەواندز وبەجۆش وخرۆش بوونی حەماسەتی دانیشتوانی شارەکە وهیوا خواستنیان بۆ پەڕینەوەی پڕیشکی جوڵانەوەکەی شێخ بۆ ((ئەم دیوی (زێ) ))، تەنیا بەفاکتەری نەتەوایەتی لێکنەداتەوە، چونکە وەک شایەت حاڵێکی ڕووداوەکان خۆی لە ڕەواندز بووە ڕۆڵی فاکتەری ئابوری شان بەشانی هەستی نەتەوایەتی کوردی لەبەرزبوونەوەی گیانی بەرەنگاری بەرامبەر سوپای ئینگلیزی نادیدە نەگرتووە، بەو پێیەی کۆگاکانی دەسەلاتی عوسمانی لەڕەواندز پڕ بوونە لەهەموو جۆرە خواردەمەنیێک بێگومان شکاندنی ئەو عەمبارانە لەڕۆژگاری دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی شتێکی کەم نەبووە(ڕەفیق حلمی، ب٢، ١٩٥٦ ،١٢٩-١٣٠) بەتایبەتی دوای ئەوەی خەڵکی برسیەتی ونەهامەتی زۆریان دیبوو لەو سالانە کە لەناو میللەتی کورد بەسالانی گرانی ناسراوە( کاکەسوور،٢٠٠٠،٣٢).

لەدەسـت نیشـان کردنـی فاکتەرەکـانی ناچـارکردنی ئینگلیزەکـان بـۆ دووبارە چاوگێڕانەوە بە سیاسەتیان وە هێنانەوە پێشی مەسـەلەی کوردو پرسی گێڕانەوەی شێخ محمود لەهیندستان لەساڵی١٩٢٢ هاوتەریب لەگەڵ هێما کردن بەهۆکارە سیاسیەکان حلمی درکی بەگرنگی فاکتەری ئابوریش کردووە بەوەی کە ئینگلیز ویستویانە سوود لەکارتی کوردیش وەرگرن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ولایەتی موسڵ لەبەرژوەندی خۆیان کە بایەخی ئـابوری یەکجـار زۆری هەبـووە بۆیـان بەهـۆی بـوونی نەوت بەڕێژەیێکـی زۆر وبەپیتـی خـاکەکەی وەک خـۆی ئامـاژەی بـۆ کردووە(ڕەفیق حلمـی، ب٣ ،١٩٥٦، ٩٦-٩٧).

هەروەهـا بەشـێوەیێکی دوور ودرێـژ بـاس لەبەرژوەنـدیە ئـابوری وبازرگانیەکانی بەریتانیای لەناوچەکانی عێراق وکەنداوی عەرەبی کردووە هەر لەسـەرەتای سـییەکانی سـەدەی حەفـدەم تـا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم. وەئامـاژە بەکـاریگەری فـاکتەری ئـابوری دەکـات لەدیـاریکردنی ئاڕاسـتەی سیاسـەتی بەریتانیـا لەنـاوچەکە (ڕەفیـق حلمـی، ب٤ ،١٩٥٦ ،١٥٨-١٧٩) جیـا لەوانەش لەگەشـتەکەی بـۆ تورکیـا بەوردی بـاس لەدەرامەت و چـالاکی ئـابوری شـارەکان وبژێـوی خەڵـکەی دەکـات. بـۆ نمـوونە ئامـاژە بەوە دەکـات بـاکۆی پـایتەختی ئازەربایجـان ((بە شـاری نەوت ناسـراوە))ویەکێک لەنـاوچە گرنگەکـانی نەوتە لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. هەروەهـا هێمـای بـۆ ئەوە کـردووە کەخەڵکـی ورمـێ هەژارن،وەبەشـێوەیێکی ناڕاسـتەوخۆش ئامـاژە بەوە دەکـات کە دانیشـتوانەکەی سـوود لەسامانی ئـاوی شـارەکەیان وەر نـاگرن بـۆ ڕاوی ماسی چـونکە ئـاوی دەریـاچەکە ((زۆر تـالە ماسی تیا ناژیت)) وە پێمـان دەڵێ لەکاری((هەویر وشیرینی تورکەکان پێش کەوتون))هەندێ جاریش بەوردی نرخی کەلوپەل وپێداویستیە خۆراکیەکان دیاری دەکات لەڕێگای ئەویشـەوە دەزانـین لەمـانگی نیسـانی١٩٢٣ نرخـی پیاڵەیێـک چـا لەئەنقەرە(٥)قرِوش بووە(ڕەفیق حلمی،ب٣، چ٢،١٩٩٢،٧٨-١٢٦).

**٥- گەشت کردن:**

یەکێــک لەکەرەســـتەکانی نووســـینەوەی مێــژوو گەشـــتکردنە بــۆ ناوچەکانی ناوەوە ودەرەوەی وڵات بەمەش توێژەر ئاسۆی بیرکرنەوەی فراوان دەبێت ودەتوانێت سوود لەئەزموونی گەلانی تریش وەربگرێت بەتــایبەتی ئەوگەشــتە دەبێــتە پێویســـتێکی گرنــگ بــۆ ئەو تــوێژەرەی کەگەرەکیەتی توێژینەوە لەسەر ناوچە یاخود شوێن یا وڵاتێکی دیاریکراو بکات(طه، ١٩٧٠، ٥١).

لەنێو ئەدەبی جیهانیشدا ژمارەیکی زۆر گەڕیدە وگەشتنامەی دیار هەبــوونە لەوانەش گەشـــتەکانی هەر یەک لەهیــرۆدۆت وئیــبن بەتــووتە وکریستۆف کۆڵۆمبس ومارکۆ پۆڵۆ...هتد، زانیاریەکانیان یارمەتی دەرن بۆ گواستنەوەی وێنەیکی ڕوونی ئەو ناوچانەی کە سەردانیان کردوون هەر لەتۆمارکردنی دیمەنی سروشتی وزانیاری جوگرافی وداب ونەریت (زراری،٢٠١٩، ١٨٥-١٨٨) شێوازی نووسینەوەی گەشتنامەش لەسەر دوو بنچینە بەندە یەکەمیان تۆمارکردنی شتە بینراو وبیستراوەکانن، لەگەڵ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی پێویست. دوەمیان وەسف کردن ودارشتنێکی ئەدەبیانەی تێکەڵ بەخەیاڵ وئەندێشەی نووسەرە، یاخود سەرنج دان وتێڕامانی وردە بۆ شتەکان (بیمار،١٩٩٨، ١٨٢) لەنێو ئەدەبی کوردیشدا هەریەک لەمەلا عبداللەی زیوەر(١٨٧٥-١٩٤٨) وڕەفیق حلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) ومەلا محمــدی چرۆســتانی(١٨٩٠-١٩٦٣) وعەلائەدیــن ســەجادی(١٩٠٧-١٩٨٤)(بیمــار،١٩٩٨، ١٨٤)وشــاکر فەتــاح(١٩١٤-١٩٨٨) لەپێشـــەنگانی نووسینی گەشتنامەن(زراری،٢٠١٩،٢٣٥).

یەکێک لەتایبەتمەندی وحەزە کەسیەکانی حلمی تۆمارکردنی یادداشت وبیرەوەریەکانی بووە لەدەمی ئەنجامدانی گەشتەکانی لەم چوارچێوەدا ڕۆژانە یادداشــتەکانی تۆمــار کردووە(ڕەفیــق حلمــی،ب٣،چ٢،١٩٩٢، ١١٧). هەروەهــا منداڵەکانیشـــی هانــداوە لەکــاتی ئەنجامــدانی گەشـــتەکانیان

یادداشتەکانیان تۆمار بکەن(چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز ناهیدە ڕەفیق حلمی لەشاری بەغدا لەبەرواری١١ تەموزی٢٠٠٥) جیا لەگەشتەکانی بۆ مەبەستی خوێندن، بەهۆی سەلماندنی تواناو لێهاتوویی کەسایەتی خۆی حلمی بوو بووە جێگای متمانەی شێخ محمود، هاوکات زانینی چەند زمانێک هۆکاربووە بۆ کارکردن لەگەڵ هەندێ لەدەسەڵاتدارانی ئینگلیز لەسلێمانی بەمەش بۆی لواوە چەند گەشتێکی ناوەوە ودەرەوەی وڵات بکات ئەو گەشتانەش ئەگەرچی هەندێکیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سیاسی وکاری وەرگێڕانیش ئەنجامدراون بەڵام دواتر حلمی سازدانی ئەو گەشتانەی کردووە بەبابەت وکەرەستەی سەرەکی نووسینەوەی یادداشتەکانی. وێستگەی یەکەمی گەشتەکانی شاری بەغدا بووە لەوکاتەی قوتابی ئامادەیی سەربازی بووە لەوشارە ئەمەش دەتوانرێ بەدەروازەی یەکەمی کرانەوەی ئاسۆی بیری حلمی دابنرێ دوای ئەوەی لەژینگەیەکی بچووکی وەک سلێمانی تێکەڵ بەژینگەیەکی جیاواز هەم لەڕووی زمان وهەم لەڕووی کەلتورەوە دەبێت.وێستگەی دووەمی گەشتەکانی بۆ ژینگەیەکی گەورەتر لەژینگەی بەغدا بووە ئەویش گەشت کردن بووە بۆ ئەستەمبۆڵ لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندن لەوشارە، بێگومان ئەستەمبۆڵی ئەوکاتیش مەڵبەندێکی گەورەی گردبوونەوەی توێژی ڕۆشەنبیرانی کوردی زۆربەی پارچەکانی کوردستان بووە، وە دەتوانین بڵێین دەستەی یەکەمی دەستەبژێرانی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم لەدەرچوانی قوتابخانە وزانکۆکانی ئەستەمبۆڵ بوون(صابر، گۆفاری(ئەکادیمیای کوردی)،هەولێر،ژ(٤١)،٢٠١٨، ٣١٣-٣١٤) حلمیش لەوێ یەکەم ئەزموونی کاری سیاسی وڕێکخراوەیی بەکارکردن لەکۆمەڵەی هێفی تاقی دەکاتەوە) (ڕەفیق حلمی، ب٣ ،چ ٢ ،١٩٩٢، ١٢٠). وێستگەی سێیەمی گەشتەکانی حلمی کاری وەرگێڕان بووە لەگەڵ هەریەک لەمێجەر نۆئیل وکاپتن بیل، هاوسەفەر لەگەڵ ئەو بەرپرسانە سەردانی هەولێر، ڕەواندز، ڕانیە، وکۆیەی کردووە بێگومان حلمی وەک خۆی ئاماژەی پێکردووە سوودی

لەو گەشتانە وەرگرتووە، وە بەهۆی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە ونزیک بوون لەڕووداوەکان ودیدەنی تایبەتی کەسایەتیەکان ئاگاداری بەشێک لەڕووداو پەرەسەندنەکانی کوردستانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بووە. بەوردبوونەوە لەپەرتوکی یادداشت دەزانین بابەتی ئەوگەشتانە بوونەتە کەرەستەیێکی یەکجار گرنگی نووسینەوەی بەرگی یەکەم ودووەمی یادداشتەکانی. هەروەها وێستگەی چوارەمی گەشتەکانی چوونی بۆ تورکیا دەبێت وەک ئەندامێکی ئەو شاندەی کە شێخ محمود ڕەوانەی تورکیایان دەکات، زانیاریەکانی ئەم گەشتەش وەک بابەتێکی سەرەکی شوێنی خۆیان لەبەرگی سێیەمی چاپی دووەمی یادداشتەکانی کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی، ب٣،چ٢،١٩٩٢،٥٩-١٧٤)دوا وێستگەی گەشتەکانی لەساڵی ١٩٥٩ دەبێت لەوکاتەی وەک پاشکۆی ڕۆشەنبیری عێراق لەئەستەمبۆڵ دەست نیشان دەکرێت(ساڵح،٢٠١٨،٢٤٨) حلمیش ئەو دەست نیشانکردنەی پێ خۆش دەبێت لەبەر کۆمەڵێک فاکتەر یەکێک لەوانە کۆکردنەوی کەرەستەی پێویست دەبێت بۆ نووسینەوەی یاداشتەکانی ئەگەر چی لەوکات شەش بەرگی یادداشتەکانی چاپ کردبوو(چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز عزەدین مستەفا ڕەسول لەشاری سلێمانی لەبەرواری٩ ئازاری٢٠٠٥).بەڵام بەئومێد بوو هەر لەوەندە نەوەستێ و ژمارەی بەرگەکانی بگەیێنێتە پانزە بەرگ (خەزنەدار، ڕۆژنامەی(هاوکاری) بەغدا، ژ،(١١٨٥)، ١١حوزیران١٩٩٠).

## تەوەری دووەم: ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوودا

### باسی یەکەم: ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو

کرداری نووسینەوەی مێژوو بەشێوە زانستیەکەی هەر بریتی نیە لەڕێزکردنی ڕووداوەکان وباس کردنیان لەچوارچێوەی کۆمەڵێک پەرەسەندنی سیاسی، ئابوری، وکۆمەڵایەتی ڕووت، بەڵکو دەبێت مێژوو بە پێی ئەو میتۆدو ڕێوشوێنانەی کەمێژوونووسان دەست نیشانیان

کردووە لەچوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆ بەناوی(ڕێبازی توێژینەوەی مێژوو) بنووسرێتەوە.

**دەتوانین ڕێبازی ڕەفیق حلمی لەنووسینەوەی مێژوو لەچەند خاڵێک بخەینە ڕوو:**

**١-سەرچاوەکانی نووسینی**

سەرچاوەکان یەکێکن لەپێکهێنەرە سەرەکیەکانی کرداری نووسینەوەی مێژوو، بەمەبەستی دەست خستنی زانیاری پێویستە مێژوونووس پەنا بۆبەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر بەرێت،جۆری ئەو سەرچاوانەشی کەبەکاریان دەهێنێت بایەخ وقورسایی توێژینەوەکە دەردەخەن. بۆدەست خستنی زانیاریەکانی ڕەفیق حلمی کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاوازی بەکارهێناوە، بێگومان زانینی زمانەکانی فەڕەنسی ،تورکی عوسمانی ،فارسی ،عەرەبی وئینگلیزیش تا ئەندازەی تێگەیشتن فاکتەرێکی کاریگەر بووە لەجۆراوجۆربوونی ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری هێناون. دەتوانین بەپێی بابەخ وگرنگیان بەوشێوەیە ڕێزبەندیان بکەین.

**أ-بەڵگەنامە:**

یەکێکە لەکەرەستە سەرەکیەکانی توێژینەوەی مێژووە، ئەویش نووسراوە فەرمی ونیمچە فەرمیەکانی وەک فەرمان وبڕیار وپەیماننامەو ونامە گۆڕینەوەی سیاسی، وپڕۆژە پێشنیارکراوەکان ویاداشت وتۆمارە ڕۆژانەکان...هتد دەگرێتەوە(عثمان،١٩٧٠،٣٠).حلمیش لەکاتی نووسینەوەی مێژوو دەستبەرداری ئەو کەرەستە گرنگە نەبووە، نزیکی لەشێخ محمود وبەرپرسە بەریتانیەکان هۆکار بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک نامە ونووسراوی تایبەت ودەفتەری چەنگ کەوتبێ لەنووسینەوەی یادداشتەکانی سوودی لێوەرگرتبن. بۆنموونە ژمارەیێک نامەی دەست

کەوتووە کە لەو ڕۆژگارە نوسراون،حلمیش وەک مێژوونووسێک درکی بەبایەخ وگرنگی ئەو نامانە کردووە لەنووسینەوەی مێژوو بۆیەش لەیادداشتەکانی خستوونیەتەڕوو، بۆنموونە دەربارەی هۆکاری وەرگێڕانی نامەکەی فەوزی بەگی یۆزباشی بۆ ئۆزدەمیر لەتورکیەوە بۆ کوردی دەنووسێ ((بەلامانەوە نامەیێکی مێژوویین وگرنگە گۆرریمان بەکوردی))(ڕەفیق حلمی، ب١٩٥٨،٦، ٦٩). هەروەها ئەو نامەیەی کە ڕەشید جەودەت بۆ حلمی ڕەوانەی (وان)ی کردووە ئەگەرچی حلمی زەحمەتی زۆری دیووە لەوەرگێڕانی بۆزمانی کوردی لەبەر ئەوەی بەزمانی تورکی وبەوردی وبە قەڵەمی(گزیکردن- قۆپیە)ش نووسراوەتەوە وهەندێ شوێنی نامەکەش سواوەتەوە، بەڵام حلمی بایەخی ئەو نامە مێژوویەی زانیووە لەلای خۆی پاراستوویەتی وئامادە بووە بەئامێری وردبین(زەڕەبین) بیخوێنێتەوە وەنەیویستووە خوێنەرانی یادداشتەکانی لێ بێبەش بکات(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢، ١٧٢-١٧٤). هەروەها ئەو نامە(تەلیگرافەی) کە کاپتن بیڵ لەسەروی خۆیەوە بۆی هاتبوو دەربارەی هاتنی عەشیرەتی دزڵێ بۆ شاری سلێمانی نیشانی حلمی داوە وئەویش وەکو خۆی بڵاوی کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب١٩٥٦،٢ ،١١١-١١٢)، بێگومان حلمی هەر بەخستەڕووی نامەکان وازی نەهێناوە هەندێک جار بەراورد لەنێوان نامەکان دەکات ناوەڕۆکەکانیشیان شی دەکاتەوە(ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨، ٩١-٩٢).

هەروەها دەستنووس یەکێکە لەسەرچاوە دەگمەنەکان بۆ دەستکەوتنی زانیاری کە بایەخ وگرنگیان هاوتای بەڵگەنامەکانە.حلمی لەنووسینەوەی یادداشتەکانی دەفتەرێکی ئۆزدەمیری(٦) بەکارهێنانەوە کە لەکاتی بوونی هێزەکەی لەڕەواندز نووسیویەتی. پێدەچێت حلمی گرنگی زانیاریەکانی نێو دووتوێی ئەو دەفتەرەی باش زانیبێت تەنانەت ناچاری کردووە پێداچوونەوە بەو زانیاریانە بکات کە بۆ بەرگی شەشەمی یادداشتەکانی ئامادەی کردبوون، لەم چوارچێوەدا کۆمەڵێک زانیاری

ڕاســـت کردۆتەوە،دیـــارە ئەمەش کـــاتی زۆری ویســـتووە وەیەکێـــک لەهۆکارەکـــانی دواکەوتنـــی لەچاپـــدانی ئەم بەرگەی یاداشتەکانیشـــی بووە(ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨،لەپێشـەکی وەرگیراوە)بەدووریش نازانرێت ئەو نامە تایبەتیانەی کە لەنێوان ئۆزدەمیر وشێخ محمود وشێخ قادری برای وبەرپرسەکانی تورک ئاڵوگۆڕکراون وحلمی لەیادداشتەکانی بڵاوی کـردونەتەوە هەرلەو دەفـتەرە وەرگیرابن(ڕەفیـق حلمـی، ب٦، ١٩٥٨ ،٢٤-٨٥).

**ب- پەرتووک**

وەک لەبەرهەمە مێژوویەکـــانی دەردەکەوێ حلمـــی قورســـایی هەرە گەورەی دەســـت خســـتنی زانیاریەکـــانی لەســـەر پەرتـــووک بـــووە، لەم چوارچێوەدا ژمارەیکی زۆری سەرچاوە بەکاری هێناوە بەو زمانانەی کە زانیـوویەتی. لەوەرگێڕانـی هەنـدێک سـەرچاوەی ئینگلیـزی ناهیـدەی کچـی هاوکاری کردووە، هەروەها پۆلێک لەدەستەبژێرانی ڕۆشـەنبیری موسـڵ لەپێـدانی ســـەرچاوە کۆمەکیـــان کردووە(ڕەفیـــق حلمـــی، ب١، ١٩٥٦، لە پێشەکی وەرگیراوە).

شـایەنی باسـە لەکاتی بەکارهێنانی سـەرچاوەکان حلمـی پەراوێزی دانـــاوە تێـدا بەکـورتی ئامـاژەی بەژیـانی کەسـایەتی،وەرگێڕانی ووشـــە عەرەبیەکـــان بۆزمـــانی کـــوردی وگێـــڕانەوەی خـــوێنەر بۆســـەرچاوەکان وڕونکـــردنەوەی زیـــاتری بابەتەکـــان کـــراوە. بەڵام تێبینـــی هەنـــدێک کەمووکـوڕی دەکـرێ لەبەکارهێنـانی سـەرچاوەکان بەجۆرێـک خـوێنەر هـیلاک دەکـات بۆنمـوونە، لەهەرشـەش بەرگـی یادداشـتەکانی لەچەنـد شـوێنێکی زۆر کەم ئاماژە بەژمارەی لاپەڕەکانی ئەو سـەرچاوانە دەکات کە زانیاریەکانی لێوەرگرتوون (ڕەفیق حلمی،ب٦،١٩٥٨ ،٩٠ ؛ڕەفیق حلمی ب٣،چ١٣٣،١٩٩٢،٢)بەڵام لەبەرهەمەکـانی تـری زیـاتر ئامـاژەی بەژمـارەی لاپەڕە کردووە بەتایبەتی لەپەرتوکی (مقالات) لەزۆرترین شوێن ئاماژەی

بەژمـــارەی لاپەڕە کـــردوە. هەروەهـــا لە یادداشـــتەکانی هەنـــدێک جـــار ســـەرچاوەی وای بەکارهێنـــاوە لەچەنـــد بەرگێـــک پێهـــاتووە وەک(تـــاریخ الـوزارات العراقیـة)ی مێژوونـووس عبدالرزاق الحسني(١٩٠٣-١٩٩٧) بەبێ ئەوەی ئامـاژە بەو بەرگە بکـات کەزانیاریەکـانی لـێ هەڵێنجـاوە.( ڕەفیـق حلمی، ب١، ١٩٥٦ ،٥٤؛ ڕەفیق حلمی ب٤، ١٩٥٦، ٢٠٢؛ ڕەفیق حلمی، ب٥، ١٩٥٧ ،٣٧)،هەروەهـا هەندێ جار تەنها نـاوی نووسـەر دەبات،بۆ نموونە زیاد لەجارێک دەڵێ (سـامی خونـدە) دەڵێت بە بێ ئەوەی ئاماژە بەنـاوی ســـەرچاوەکە بکـــات(ڕەفیق حلمـــی،ب٥ ،١٩٥٧ ،٣٤-٣٧) بەپـــێچەوانەوەش هەنـــدێ جـــاری تـــر تەنهـــا نـــاوی پەرتـــووکەکە دەبـــات(ڕەفیق حلمـــی، الاکـراد...،١٩٣٤ ،٩-١٠)(ڕەفیـق حلمـی، مقـالات،١٩٥٦ ،١٦،٢٥). هەروەهـا لەکـــاتی پێناســـەی شـــوێن وکەســـایەتیەکان زۆربەی جـــار نـــاوی ئەو سـەرچاوەیە نابـات کەسـوودی لێوەرگرتـووە (ڕەفیـق حلمـی، مقـالات،١٩٥٦ ،٣٥، ٤٥، ٥٨) (ڕەفیـــــــق حلمـــــــی، ب٢ ،١٩٥٦ ،١١٤ ،١٣٢؛ ڕەفیـــــــق حلمی،ب٣،١٩٥٦ ،٨١) جیا لەوانەش لەیادداشتەکانی ئاماژە بەساڵ وشوێنی چـــاپی ســـەرچاوەکانیش ناکـــات. بەڵام بەڕەچـــاوکردنی ســـەردەمی نووســـینەوەیان ئەو تێبینیـــانە لەنرخـــی مێژوویـــی بەرهەمەکـــانی کەم ناکەنەوە.

### ت- مێژووی زارەکی یان زاردەمی(Oral History)

مەبەســـت لەو زانیاریـــانەیە کە پەیوەنـــدیان بەڕابـــردوو هەیە وە لەڕێگـای دەمەوە سـەرچاوە دەگـرن ونەوە دوای نەوە لەنـاو کۆمەڵگـادا دەگـوترێنەوە. بـایەخی مێـژووی زارەکـی لەوەدا خـۆی دەدۆزێـتەوە کەهەڵگـری کۆمەڵێـک زانیـارین لەمێـژووی نووسـراودا بەرچـاو نـاکەون. لەڕاسـتیدا زۆریـنەی دەقە نووسـراوەکانیش لەبنچیـنەدا لەڕێگـای زارەوە گواسـتراونەتەوە بـۆ دەقـی نووسـراو لەوانەش تەورات وفەرمایشـتەکانی پێغەمـبەری خـودا (محمـد د.خ) کەلەدوای خـۆی لەڕێگـای دەمەوە تۆمـار کراون. هەروەها داستانی ئەلیادە وئۆدیسـای شـاعیری یۆنـانی هۆمیرۆس

لەبنچینەدا زارەكی بووە دەماو دەم گێڕدراوەتەوە دواتر بۆتە دەقی نووسراو(هەروتی،گۆفاری (ئەكادیمیای كوردی)، هەولێر،ژ(٣٧)،٢٠١٧، ١٥٥-١٦١).

بۆگەیشتن بەزانیاری ورد وبەراورد كردنی ڕووداو وپەرەسەندنەكان وساغ كردنەوەیان وگەیشتن بەڕاستی مێژوویی لەپاڵ زانیاری نووسراوی سەرچاوەكان حلمی پەنای بۆ بەكارهێنانی گێڕانەوەی زارەكی یا زاردەمیش بردووە. تێبینی ئەوە كراوە هەندێك لەزانیاریەكانی لەڕێگای ئەو كەسانەوە دەست كەوتووە كە نزیك وشایەد حاڵی ڕووداوەكان بوونە، یاخود خۆیان كار ئەكتەری سەرەكی بوونە لەدروست كردنیان، ئەمەش بایەخی مێژوویی زانیاریەكانی ناو بەرهەكانی زیاد كردووە بۆ نموونە لەباسی ڕووداوەكەی كوشتنی شێخ سەعید وكوڕەكەی زانیاری زارەكی لەخودی شێخ محمود وەردەگرێ وەك دەڵێ: ((من خۆم لێم بیستووە كە ئەو لەم كارەساتەدا نەبوە))(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦،٤٣) بەهەمان شێوەش زانیاری زارەكی لەعیزت تۆپچیش وەرگرتووە دەربارەی بوونی پەیوەندی لەنێوان حەمدی بەگی بابان وئۆزدەمیر(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦، ١١٧)، هەروەها هەر لەڕێگای مێژووی زارەكیەوە هەندێ زانیاری هەڵەی نێو یادداشتەكانی بۆ ڕاستكراوەتەوە(ڕەفیق حلمی، ب١٩٥٦،٤، لەپێشەكی وەرگیراوە).لەشوێنێكی تریش دەڵێ:((ئەم باسە وەكو لە((ئەحمە تەقی)) خۆیم بیستوە...))( ڕەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨، ١٤)  یان دەڵێ((عزت توپچی(عیززەتی فاتە) بۆی گیررامەوە، ئەیوت...)) (ڕفیق حلمی، ب١٩٥٨،٦،٤٥). وەلەچەند شوێنێكی تریش بۆ وەرگرتنی زانیاری پەیڕەوی ئەم شێوازەی كردووە.

**ث: ڕۆژنامە وگۆفار**

ڕۆژنامەو گۆفار كەناڵێكی تری دەست كەوتنی زانیاریە كە توێژەرو ومێژوونووسان پەنای بۆ دەبەن، حلمیش، لەتەمەنێكی بچوكەوە

بەدیـارکراوی لەسـاڵی١٩١١ لەڕێگـای ڕۆژنـامەی (حەوادس) دواتـریش لەڕۆژگـاری دەسـەڵاتەکەی شـێخ محمـود زیـاتر ئاشـنا بەجیهـانی ڕۆژنـامەگەری دەبێت (سـالح، ڕەفیـق (و)سـەدیق،٢٠٠٣، ١٢-١٣). بۆیەش لەهەندێ بەرهەمەکانی ژمارەێک ڕۆژنامە وگۆڤاری نزیک لەڕووداوەکانی بەکارهێنـاوە بەزمانەکـانی کوردی(ڕەفیـق حلمـی، ب٥، ١٩٥٧، ١٠٦-١٠٧؛ ڕەفیـق حلمـی،ب٦، ١٩٥٨، ٤١-٤٢؛ ڕەفیـق حلمـی، ب،٣، چ٢،١٩٩٢،٧١) وتورکی(ڕەفیـق حلمـی،ب٤، ١٩٥٦، ٢٠٥)(ڕەفیـق حلمـی، مقـالات،١٩٥٦، ٤٤) وئینگلیزی(ڕەفیـق حلمـی، الاکـراد....،١٩٣٤،٦) وعەرەبی(ڕەفیـق حلمی،مقـالات١٩٥٦، ٣٢)کـاتێکیش لەبەغـدا بـووە ڕۆژنـامە فەڕەنسـیەکانی بۆهاتووە بەتایبەتی ڕۆژنامەی(تان)لەو ڕێگایەوە ئاگاداری جەنگی ڕزگاری تورکی بووە بەتایبەتی شەڕەکانی ئەنادۆڵ(ڕەفیق حلمی،ب٤،١٩٥٦،١٤٤).

## ج- گەشتکردن

هەروەک لەلاپەڕەکـانی پێشـووتر ئاماژەمـان پێکـردوە کە حلمـی سـوودی لەو گەشـتانە وەرگرتـووە کەئەنجـامی داون بەدیـاریکراوی گەشـتەکانی لەگەڵ بەرپرسـە بەریتانیەکـان وگەشـتەکەی بـۆ تورکیـا کە بوونەتە یەکێک لەو سـەرچاوانەی لەنووسینەوەی یادداشتەکانی بەکاری هێناون.

## ٢- گشتگیری

یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی مێژوونووسی ورد وبەسـەلیقە ئەوەیە کەبە دیـدێکی گشـتگیر وهەمە لایەنەوە مێـژوو بنووسـێتەوە بەجۆرێـک لایەنە(سیاسی ،ئابوری ،کارگێڕی ،کەلتوری، وژیار)یەکان لەنووسراوەکانی بەدیارخـات. تێبینی ئەوە کراوە حلمی پەیڕەوی لەوتایبەتمەندیە کردووە، بۆنمـوونە ئەگەر چـی یادداشـتەکانی بەنـاوی کوردسـتانی عێـراق وشۆڕشـەکانی شـێخ محمـودە بەڵام هاوتەریـب لەگەڵ پەرەسـەندنە

سیاسیەکانی کوردستانی باشور باسی گۆڕانکاریە سیاسیەکانی عێراق وپەرەسەندنە هەرێمایەتیەکانیشی کردووە لەوانەش گۆڕانکاریەکانی سوریا وتورکیا لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی ورووداوەکانی دوای جەنگیش.

هەروەها حلمی خۆی پابەند نەکردووە تەنها بەباس کردنی بوارێکی تایبەتی وەک (سیاسی، ئابوری، ژیاری) بەڵکو ڕووداوو پەرسەندنە مێژوویەکانی وەک یەکەیکی تێکهەڵکێشکراو ولێک دانەبڕاو دیووە، بۆنموونە لەپەرتوکی (الاکراد منذ فجر التاریخ) شان بەشانی مێژووی کورد وکوردستان باسی لەجوگرافیای کوردستان ولایەنی ژیاری کوردیش کردووە لەوانەش بەرهەمی زانایانی کورد وئەو خزمەتانەی کەپێشکەشی شارستانیەتی ئیسلامیان کردووە. هەروەها لەپەرتووکی یادداشت شان بەشانی پەرەسەندنە سیاسیەکان بەشێوەیکی کورت وپوخت باس لەدۆخی ئابوری وکۆمەلایەتی وکارگێڕی کوردستانی باشوری سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی ودوای ئەو ماوەیەشی کردووە. بۆ نموونە لەباسی لایەنی کۆمەلایەتی بەجورئەتەوە دەستی بۆ دیاردەیکی ناشرینی کۆمەلایەتی وەک لەشفرۆشی بردووە کەلەوانەیە هەموو مێژوونوسێک لەبەر هەرهۆێک بێت خۆیان لە قەرەی باس کردنی نادەن. کاتێک ئاماژە بەو لادانە ڕەوشتیە دەکات کە بەهۆی گرانی وقاتوقڕی سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسلێمانی بلاوبووبۆوە(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦، ٣٣).

هەروەها حلمی لەنووسینەوەی مێژووی کورد خۆی بەجوگرافیاێکی دیاری کراو نەبەستاوەتەوە بۆنموونە هاوتەریب لەگەڵ باس کردنی پەرەسەندنەکانی باشور باسی کەسایەتیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لەوانەش کەریم خانی زەند وسمکۆ هەروەها باسی کوردانی کوردستانی باکوریش کردووە، وەک کوردێکیش چۆن هاوسۆز بووە لەگەڵ شێخ محمود بەو ئەندازەش دلگران بووە بەپێ هەڵخلیسکانی کوردێکی دیاری

وەک سـەگبان کە کـار ئەکتەرێکـی سـەر گۆڕەپـانی سیاسـی بـاکوری کوردستان بووە، ئەمەش وادەکات بڵێن حلمی مێژوونووسێکی ناوچەیی نەبووە.(ڕەفیق حلمی، مقالات،١٩٥٦ ،٥-٧٩).

دەربـارەی تایبەتمەنـدی مێژوونـووس بەنووسـین لەبـوارێکی دیـاری کـراو وەک مێـژووی کۆن ،ئیسـلامی، نـوێ وهـاوچەرخ هەرچەنـدە تێبینـی ئەوە کـراوە حلمـی وەک پسـپۆڕی بـواری مێـژووی نـوێ وهـاوچەرخ دەرکەوتووە بەڵام زەحمەتێکی وای نەدیووە لەخۆ قەرەدانی مێژووی کۆن وئیسلامیش (ئەگەر بەشێوەیکی کورتیش بێت). بۆ نموونە باس وخواسی سەلاحەدینی ئەیوبی لەناملیکەیکی سەربەخۆی چاپ نەکراو کۆکردۆتەوە. هەروەهـا باسـی ڕۆسـتەمی زاڵ (صـابر،٢٠٠٧ ،١٨٠-٢١٣) وقەرەقۆشیشـی کـردووە (سـاڵح،٢٠١٨ ،٣٨٤-٣٨٦)، وە لەپەراوێـزی سـەردانی شـارە کوردیەکانی وەک دیاربکر وبەتلیس وئەخلات بەشێوەیکی کورت وپوخت خوێنەران دەگێڕێتەوە بۆ مێژووی دروست بوونی میرنشینە کوردیەکان کە ئەو بە((حکـومەت)) نـاوی بـردون لەوانەش میرنشـینی (دۆسـتەکی – مەڕوانـی) وبـاس وخواسـی شـەرەفخانی بەتلیسـی(١٥٤٣-١٦٠٣) ودەسـەڵاتدارانی بەتلـیس وڕابـردووی ئەخـلات لەقۆنـاغە مێـژوویە جیاوازەکان(ڕەفیق حلمی، ب٣، چ٢،١٩٩٢،١٥٥-١٦٥).

### ٣- بابەتی بوونی مێژوویی

بـابەتی بوون خەسڵەتێکی سـەرەکی مێژوونووسـە، کە بـریتیە لەوەی مێژوونـووس تەنهـا لەگەڵ تـوێژینەوەکەی خـۆی بێـت، بابەتەکـان چـۆنن وایان بخاتەڕوو بەبێ ئەوەی هیچ ڕازو نیاز وهەواو هەوەس ومەبەستێکی تـایبەتی خـۆی لەنووسـینەکانی ڕەنـگ بـداتەوە، بەمانـایکی تردەبێـت مێژوونـووس خـۆی دابڕنـێ لەهەمـوو ئیعتبـاراتێکی خـودی وکەسـی وبەزهنیەتێکـی زانسـتیەوە تـێکەڵ بەتـوێژینەوەکەی بێـت وخـۆی بەدوور بگرێـت لەهەمـوو لایەنگیـری وسـۆزدارێک، لەبەرامـبەر بـابەتی بـوونیش

ئاڕاستەیێکی تر هەیە بە(خودێتی-Subjectivity) ناسراوە، ئەویش ئەوەیە کەمێژوونووس بکەوێتە ژێر کاریگەری ئیعتباراتی خودی وهەستی کەسیەتی، بۆیەش هەندێک پێی دەڵێن( ئاڕاستەی کارلێکراو- الاتجاه التأثري)( الفضلي،٢٠٠٧، ٢٤١).

لەڕاستیدا ڕاییێک هەیە کە بابەتی بوون بەیەکێک لەکێشەکانی بەردەم ڕێبازی توێژینەوەی زانستیش دەزانێت، وە بەگومانن لەپابەند بوون بە(بابەتی بوون) لەکاتی توێژینەوەکردن لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە وای بۆ دەچن یەکێک لەهۆکارەکان ئەوەیە مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەز بەدەرخستنی دۆخی کۆمەڵایەتی وبەرژوەندیەکان وهەواو ئارەزوەکانی دەکات وە لەژێرکاریگەری فاکتەر کۆمەڵایەتیەکانی وەک هەست وسۆزی خێزانی وبنەماڵەیی وچینایەتی یاخود پاڵنەری نەتەوایەتی وئاینی ولایەنگیری بیرێکی سیاسی دیارکراودایە زۆرجاریش بەهۆکاری ئێدیۆلۆژی ئەوە ڕوودەدات هەروەک(کارل منهایم-K.Mannhcim بە(هۆشیاری درۆزنانە)ی ناوبردووە، وەبەشێوەیێکی تێروتەسەل لێی دواوە. ئەمەش وادەکات دەرئەنجامی توێژینەوەکەی لایەنگیر بێت بەدووربێت لە واقعیەتی ئەو بابەتەی کەتوێژینەوەی لەسەر کراوە،لەبەر ئەوەی دیدی لایەنگیری توێژەری بەسەردا زاڵ دەبێت ئەوانەش دژ و ناکۆکە لەگەڵ بابەتی بوون ومەعریفەی زانستی وگەیشتن بەدەرئەنجامێکی ڕاست ودروست ودوور لەلایەنگیری، هاوکات توێژەریش دوور دەخاتەوە لەخوێندنەوەی واقیع بەو شێوەیەی کەهەیە،(إبراش،٢٠٠٩، ٨٧-٨٩).

بەسەرنج دان وردبوونەوە لەنووسینەکانی ڕەفیق حلمی تێبینی ئەوە دەکەین کە ناوبراو بابەتیانە شەنوکەوی ڕووداو وپەرەسەندنە مێژوویەکانی کردووە. بۆ نموونە دەبینین بابەتیانە هەموولایەنە (سیاسی ،ئابوری وژیاری)یەکانی نەتەوەی کوردی شی کردۆتەوە، هەروەها لەکاتێکدا کوردبوون لەلای ئەو لەسەرووی هەموو شتێکە وتاکە پێوەری

باش بوون کورد  بوونە، بۆ نموونە دەربارەی مستەفا پاشای یامۆڵکی دەڵی:((تەنیا رەوشتێکی هەرە باشی هەبوو کە کوردێکی پەتی بوو))(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧، ٧٥) وە دەڵێ:((من (عەبد) ی ئەو کەسەم کە کورد بێ و بۆ کورد تێ بکۆشێ))(ڕەفیق حلمی،ب٦،١٩٥٨ ،١٠٢) بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لە سەرزەنشتکردنی میللەتی کورد وسەرکردەکانی وە هەڵاوێریان ناکات لەڕەخنەگرتن.

هەروەها حلمی لەچوارچێوەی میتۆدو ڕێبازی زانستی بۆ توێژینەوەی مێژوو بابەتیانە لەسەرچاوەکانی شکستی دەسەڵات وحوکمڕانی کوردو سەرنەگرتنی بزافی ڕزگاریخوازی کوردی کۆڵیەوەتەوە بەجۆرێک هاوتەریب لەگەڵ دەست نیشان کردنی فاکتەرە دەرەکیەکان بازی بەسەر فاکتەرە ناوخۆیەکانیش نەداوە ودەستی لەسەر داناوون بۆنموونە لەکاتێکدا باسی((سستی وفررو وفێڵی ئینگلیز))دەکات(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦، ٤٧) وە واشی بۆچووە کە هەرگیز ڕاستگۆ نەبوونە لەسیاسەتیان بەرامبەر بەکورد((قەت بەراستی نەهاتنە پێشەوە ودەسیان لەفروفێڵ هەڵ نەگرت)) (ڕەفیق حلمی،ب٩،١٩٥٧،٥)(٧). لەگەڵیشیدا فاکتەرە ناوخۆیەکانیشی فەرامۆش نەکردووە وەک دەڵێ:((لەمەدا کوردەکان خۆشیان بەشدارن وئەتوانم بڵێم کەتانووتی گەورەتر ئەبێ لەکوردەکان خۆیان بگیرێ))(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦، ٤٧).

لەنووسین دەربارەی کەسایەتیەکان حلمی بابەتیانە وهاوسەنگانە هەڵسەنگاندنی کردووە،وە ئینسافانە باسی کردوون، تەنانەت بەرامبەر کەسێکی وەک  کاپتن بیل کە حلمی نارەحەتی زۆری دیوە لەماوەی کارکردن لەگەڵی وبێزار بووە لەهەڵسوکەوتەکانی بەتایبەتی بەرامبەر بەهۆز وکەسایەتیە کوردیەکان،وە هیوای خواستووە ڕۆژێک زووتر لێی جیا بێتەوە((بووبوو بەمووی لووت ولیم نەئەبوەوە)) (ڕەفیق حلمی، ب١،١٩٥٦ ،٨٩)، هەروەها وەک کەسایەتێکی((تووڕەو ترر زڵ)) (ڕەفیق،

حلمـــی،ب،١٩٥٦،٢، ١٣٦)وەک ((غەزب)یکـــی خـــودا)) هێمـــای بـــۆ کردووە،(ڕەفیق حلمی،ب١ ،١٩٥٦، ٩٣)، بەڵام ئەو هەستەی بەرامبەری وا ناکات باس لەچاکەکانی نەکات وتۆماریان نەکات بۆمێژوو، وەدان دەنێ بەوەی (( دەماری پیاوەتیشی هەبوو لەکاتی هێمنی وشێنەیی دا رووی خۆش ئەبوو ومەیلی چاکەی ئەبزووت. رەوشتی ئازانەی لاخۆش بوو. چارەی پیاوی دوو رووی نەئەویست))(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦، ١٣٦).

هەروەهـا پابەنـد بـوون بەبـابەتی بـوونی مێژوویـی لەهەڵسـەنگاندنی بزافـی ڕزگـاریخوازی گەلان سـیمایکی نووسـینە مێژوویەکـانی حلمـیە بـۆ نمـوونە لەگەڵ ڕەخنەگرتنـی لەسیاسـەتی خراپـی کەمالیەکـان بەرامـبەر بەکـورد بەڵام پەسـنی خەبـاتی میللەتـی تـورک بەرامـبەر داگیرکەرانـی خاکەکەیان دەکات.هەروەها سەرەڕای بوونی تێبینیەکانی لەسەر سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بەکورد بەڵام سەرسامی خۆشی نەشاردۆتەوە بەرامبەر خرۆشانی گەلی عەرەبی عێراق لەڕووداوەکانی شۆڕشی بیست بەرامـبەر بەئینگلیـز، بەجۆرێـک پەرەسـەندنەکانی شۆڕشـەکە پانتـایکی گەورەیان لەبەرگی سێیەمی یادداشتەکانی داگیر کردووە وبە((شۆڕشی گەورەی)) ناوبردووە، هۆنراوە ئاگرینەکانی محمد مەهدی بەسیر(١٨٩٥-١٩٧٤) لەمزگەوتی حەیدرخانەی شـاری بەغـدا فرمێسکیان لەچاوەکـانی باراندووە(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦،٦٠-٨٨).

### ٤- ڕەخنە گرتن

یەکێک لەدیارترین سیماکانی نووسینەوەی مێژوو لەلای ڕەفیق حلمی ڕەخنەگـرتنە. بەورد بـوونەوە لەبەرهەمەکـانی بەتـایبەتی یادداشـت ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت سەرچاوەێک یادداشتەکانی وەک پەرتـووکێکی ڕەخنەیـی ناسـاندووە (زراری،٤٥،٢٠١٩)، هەروەهـا حلمـی لەپێشـەکی بەرگـی پێنجەمـی یادداشـت لەژێـر نـاوی (تکـایەک) سوپاسـی خوێنەرانی دەکات کە هەندێ هەڵەی چوار بەرگی ڕابردوویان بۆ ڕاست

کــردۆتەوە دووپاتیشـــی کــردۆتەوە هەرگیــز لەڕەخنەگــرتن زویرنـــابێ بەڵکوو((بەدڵێکی خاوێنەوە)) بەرەو پیریـان دێت بۆ کەڵک وەرگرتن لێی، هەروەها نەبوونی ڕەخنە ودەست نیشان نەکردنی کەم وکوڕیەکانی وەک فـاکتەرێکی بەردەوام بــوون لەســەر هەڵەو کەم تەرخەمــی دیوە(ڕەفیــق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧،٤).

**بوارەکانی ڕەخنەگرتن لەنووسراوەکانی ڕەفیق حلمی**

دەتـوانیین چەنـد بـوارێکی ڕەخنەگـرتن لەنووسـینەکانی ڕەفیـق حلمـی دەست نیشان بکەین لەوانەش:

**أ- بواری سیاسی:** یەکێک لەسیما دیارەکانی ڕەخنەگرتن لەلای حلمـی ڕەخـنەی سیاسـی بـووە، لەوانەش ڕەخـنە لەڕەمـزو فـیگەرە سیاسـیەکانی کـوردو ئەنـدامە کوردەکـانی ئەنجـوومەنی دامەزرێنەر(دواتـر نـوێنەران) وکۆمەڵە وڕێکخراوە کوردیەکان، هەروەهـا لەهەڵسـەنگاندنی کەسـە نزیـک وخۆشەویستەکانیشی کەڕەمزی نەتەوایەتیش بوونە دەست بەرداری ئەو بنەمــایە نەبــووە وهەڵاوێــری نەکــردوون لەڕەخنەگــرتن لەوانەش شــێخ مەحمود وسمکۆی شکاک. بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ کە حلمی بەو پەڕی جدیەت وبەرپرسیاریەتیەوە ڕەخنەدەگرێت ودورە لەبەکار هێنـانی زمـانی تیـژ وزبـر وتـوانجی ئێسـک شـکێن وڕووخێـنەر، هەنـدێ جـار لەکـاتی ڕەخنەگرتن جێگرەوەی بۆ دیاری دەکات بۆ نموونە کاتێک ڕەخنە لەشێخ دەگـرێ لەسـەر بـێ پلانـی شـەڕی دەربەنـدی بازیـان دوای سـەرکەوتن لەگەڕی یەکەمی شەڕەکە ئاماژە بەوە دەکات کە دەبوایە بەجێگیر کردنـی سوپاکەی لەدەربەند نەوەستایە وچاوەڕێی هـاتنی هێزێکـی تـری ئینگلیـزی نەکـردایە، بەڵکـو بە هـامەهەنگی ئەفسـەر وسـەرۆک هۆزەکـان هێـزەکەی بکـردایە چەنـد بەشـێک هەربەشـەو لەنـاوچەیەکەوە لەهێزەکـانی ئینگلیـز بهاتنـایە دەسـت(ڕەفیق حلمـی،ب٢،١٩٥٦ ،١٣٨-١٣٩)٠ بەهەمـان میتـۆدیش ڕەخـنە لەکـارو بەرنـامە وپرۆژەکـانی جەمعیەتـی کوردسـتان دەگـرێ کە

خۆشی ئەندام بووە، پێی وابووە دەبوایە دوای گەڕانەوەی شێخ محمود لەهیندستان بڕیاری دانانی بەرنامە ونەخشەیێکی بدایە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاڵنگاری وگۆڕانکاریە نوێیەکان،وە بەگرتینەوە چالاکی سیاسی زیاتری بکردایە(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧، ٩٢-٩٣).

**ب- بواری زانستی:** لەم ئاستەدا حلمی ڕەخە لە زلهێزەکان دەگرێت کەپێشکەوتنی زانستی و ژیاری سەرەتای سەدەی بیستەمیان نەکردە ئامرازێک بۆ خێروخۆشی وحەسانەوەی مرۆفەکان بەپێچەوانەوە بەهۆی دروست کردنی چەکی وێرانکەر نەگبەتی ونەهامەتی گەورەیان بەسەر کۆمەڵگای مرۆفایەتیدا هێنا، حلمی گووتەنی دونیایان بەچەشنی((دۆزەخیکی بێ(بن)) لێکرد وەکو ئاماژەیێک بۆ ئەو قوربانیە زۆرەی کە لەئاکامی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی(١٩١٤-١٩١٨) هاتەکایەوە کە بەبۆچوونی ئەو جەنگەکە بووە هۆی لەناوبردن وبێ سەروشوێن بوونی(٣٤) ملیۆن کەس. بەجۆرێک جیهانیان کردە((قەبرستانیکی بێ سنورر)) وەحلمی واشی بۆ چووە کە بەو کارەساتەی کە زلێهزەکان خولقاندیان بەڵگەیێکی گەورەیان دایە دەست هەموو ئەوانەی (( کە لەراستی وسەرەو وخیری شارستانیەتی چەرخی بیستەم بە گومان بوون)) (ڕەفیق حلمی،ب١،١٩٥٦، ٥-٦).

**ت- بواری کۆمەڵایەتی:** لەڕووی کۆمەڵایەتی وجیاوازی ودابەش بوونی بیروباوەڕی سیاسی لەشار سلێمانی چەندین گروپ گەلی کۆمەڵایەتی بوونیان هەبووە کە کاریگەری قوڵیان بەسەر کۆمەڵگای کوردی ئەوکات هەبووە، ئەوانیش ئەفسەران ولاوەکان ڕۆشەنبیران لەلایێک و لایەنگرانی ئینگلیزەکان کەبەئینگلیز خواکان ناسرابوون، لەگەڵ لایەنگری تورکەکان کە بەجل خوارەکان ناسرابوون لەلایێکی ترەوە (بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بیروڕای سیاسی لەشاری سلێمانی لەو ڕۆژگارە بگەڕێوە بۆ:شوانی،٢٠٠٢، ١٩٠-١٩٨) بۆیە لەناو گێژەنی ئەو دابەش بوونە کۆمەڵایەتی وسیاسیە حلمی ڕەخنەی گەورەی بەپلەی یەکەم لەو پێکهاتە

کـۆمەڵاتیە ئـاڵۆزە هەبـووە کە وەک دەسـت وپێوەنـدی شـێخ محمـود دەرکەوتووبوون لەدەورووبەری گردبووبوونەوە، کە بەگوێرەی دەربڕینی حلمـی پێـک هـاتبوون لە((دەس و پـێ وەنـدی نەفـام ونەخوێنـدەوار، دەوروپشتی چاوبرسی ودووای تالان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لەپشت وعەشایری تفەنگ لەشان)) لەبەرامبەر ئەم چینە کۆمەڵایەتیەش، نیشتیمان پەروەران هەبوونە کە پێهاتبوون لەڕۆشەنبیران، لاوان، وئەفسەران، حلمی بڕوای وابووە ئەم چینە گەرەکیان بووە یارمەتی شێخ بدەن، بەڵام چینی یەکەم بووبوونە بەربەست ولەمپەر لەنزیک بوونەویان لەشێخ مەحمود ودیوارێکی پۆلاینیان لەنێوان دروست کردبوون ،بەڵام جەخت دەکاتەوە لەوەی شێخ مەحمودیش ئیرادەی شکاندنی ئەم بەربەستەی نەبووە(ڕەفیق حلمـی،ب١ ،١٩٥٦، ٦٧-٦٨).هەروەهـا بـڕوای وابـووە ئینگلیزەکـانیش لەمامەڵەیان لەگەڵ نەتەوە ژێرکەوتووەکان و ئەو وڵاتانەشی کە داگیریان کردبـوون، ئامـادە نەبـوونە هـیچ ڕایەڵێکـی پەیوەنـدی لەگەڵ نـوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت وخوێندەواران ببەستن، بەڵکو بەبیروڕای حلمی ئەوان تەنیا بنەماڵە ناودارەکان وسەرۆک هۆزەکانیان ناسیووە، ولێرەوە ڕەخنە لەچەند سەرۆک هۆزێک دەگرێت و بە((دوو ڕوو)) ناویان دەبات(رەفیق حلمی، ب٦ ،١٩٥٨، ٨٨).

٤- **بـواری کەلتـوری:** لەگەڵ ئەوەی حلمـی پەسـنی هەنـدێ لایەنـی مـادی ژیـاری ڕۆژئـاوا دەکـات بەتـایبەتی ئەوەی پەیوەنـدی بەپێشـکەوتنی زانسـتیەوە هەیە وە لەخزمەتـی مرۆڤـایەتیش خـراوەتە گەڕ وەک دروست کردنی هۆیەکانی هاتوچۆی پێشکەوتوو لەوانەش فڕۆکە، لەم ڕووەوە باس لەچوونی لەسلێمانیەوە بۆ ئەستەمبوڵ دەکات لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی کە((دو مانگی بێ کەم وزیاد))ی خایاندووە لەکاتێکدا ئەو ماوەیە لەئیسـتادا حلمـی گووتەنی((بـۆ گەشـتێکی دەوری عـالەم بەسـە))(ڕەفیق حلمـی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢، ١١٩) بەڵام کاتێـک سـەرنجی ڕووە مـادیەکەی پێشکەوتنی ژیاری ڕۆژئاوا دەدات وەک دونیای خۆنواندن ونمایشە کردن

و دورکەوتنەوە لەبەها جوانەکانی دەبینێ، هاوکات دونیای ڕۆژهەڵاتیش بەدونیای ڕۆحی وڕاست وبەرزی ودوور لەنمایش کردن ودرۆ دەچووێنێ بەگــووتەی ئەو (( لەو عــالەمە پیــروزەدا پەســتی وپچــووکی نــی یە و وزەڕەش خــاوەنی کەمــالە)) ئینجــا ڕەخــنە لەشارســتانیەت وکەلتــوری ڕۆژئاوا دەگرێ کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیان ((لەژیانی سادە وبێ فڕ وفێڵی تەبیعەت)) دوورخستۆتەوە، لەکاتێکدا حلمی هیچ مەترسیێک نابینێ لەسەر شارســتانیەتی ڕۆژئــاوا ئەگەر خۆرهەڵاتیەکــان(( بەچــونە جــل وبەرگــی ئەوانەوە لە(شــانو-مەســرەح)ی ژیانــدا دەوری خۆمــان بەوێــنەی ئەوان بە جێ بهینین))(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢، ٩٣).

## باسی دووەم: شێوازی ڕەفیق حلمی لەخستنە ڕووی بابەتە مێژووییەکان

حلمــی بــڕوای وابــووە کە پرۆســەی نووســین بەگشــتی پێویســتی بەپاشــخانێکی ڕۆشــەنبیری وهــزری فراوان هەیە وەک مەرجی یەکەم بۆ ئەوەی نووســەر بەقــوڵی بچێــتە نــاو بــابەتەکەی،( ڕەفیــق حلمی،گۆفــاری (شەفەق) کەرکوک، ژ(٣)،مــارت ١٩٥٨ ،٦-٧). هەروەهــا واشــی بۆ چووە کە گەڕانەوە بۆسەرچاوەو چاوگە ڕەسەن وپاکەکان کە لەلایەن نووسەرە ڕۆژئاواییەکــان ولەنێویشــیاندا ڕۆژهەڵات ناســەکان سەرپەرشــتی کــراون زامنــی گەیشــتنن بەڕاســتیە مێژوویەکــان (ڕەفیــق حلمــی، مقــالات،١٩٥٦ ،٨) ئەمەش کـــــاریگەر بـــــوونی حلمـــــی بەنووســـــین وبەرهەمەکـــــانی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەدیار دەخات تەنانەت لەشوێنێکی تر ڕاشکاوانە دەڵێ(( بیــروڕا کەســیەکان وبیــردۆزە سیاســیەکان هــیچ نرخێکــی زانســتیان نــیە بەرامبەر ڕاو بیردۆزی پسپۆڕان لەزانایانی مێژوو وڕۆژهەڵاتناسەکان کە پشت ئەستوورن بەڕاستیە زانستیەکان...))(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦ ،١٣).

**لەخستەڕووی زانیاریە مێژوویەکان حلمی پەیڕەوەی لەچەند شێوازێک کردووە لەوانە.**

**١- شێوازی دروست کردنی پرسیار**

بۆگەیشتن بەڕاستیە مێژوویەکان و وروژاندنی بیر وهەستی خوێنەر حلمی پەنای بردۆتە بەر پەیڕەوی کردنی شێوازی پرسیارکردن هەندێک جار خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە وهەندێک جاریش وەڵامەکەی بۆ خوێنەران جێ دەهێڵێ، بۆ نموونە دەپرسێ بۆچی گەلی ئێرلەندا هەوڵیان داوە لەگەڵ گەلێکی گەورەی حەز بەئازادی ودیموکراسی وەک گەلی سەکسۆنی جیابنەوە؟(ڕەفیق حلمی،مقالات،١٩٥٦، ٥٩). هەروەها دەربارەی پەیمانی عێڕاقی- بەریتانی ساڵی ١٩٢٢ پرسیار دەکات و خۆشی وەڵامەکەی دەداتەوە(ڕەفیق حلمی،ج٥،١٩٥٧، ٤٧). لەباسی هۆکاری ڕووبەڕوو نەبونەوەی شێخ محمود لەگەڵ ئۆزدەمیر کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێ(ڕەفیق حلمی،ب٦، ١٩٥٨، ٣٣)بەهەمان شێوە کۆمەڵێک پرسیاری کردووە لەسەر سیاسەتی ئینگلیزەکان بەرامبەر هەریەک لەکورد وتورک وعەرەبەکانی عێراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی خۆشی وەڵامی داونەتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٥، ١٩٥٧، ١١-١٢).

**٢- شێوازی گومان وگریمانە**

گومان کردن لەزانیارییە مێژوویەکان شێوازێکی ترە لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی نابێ مێژوونووس بڕوا بەهەموو هەواڵ ودەق وبەڵگەنامەیێک بکات بەبێ لێی وردبوونەوە وگومان خستە سەریان، تاوەکو لەو ڕێگایەوە ڕزگاری بێت لەگومان ودوو دڵی و بگاتە ڕاستی مێژوویی،وەڕایێکی واش هەیە کە مێژوو لەوکاتەوە خەسڵەتی زانستی وەرگرتووە کە مێژوونووسان گومان دەخەنە سەر ئەو گێڕانەوانەی کە

گویَ بیستی دەبن یاخود دەیخوێننەوە(طه،١٩،١٩٩٠)ئەم شێوازەش زانایان وبیرمەندانی وەک جاحیز وغەزالی پیادەیان کردووە، ودیکارتیش لێی قبوڵ بۆتەوە(طرابیش،١٩٩٧، ٢٩٨-٣٠٤)،حلمیش پەیرەوی لەم شێوازە کردووە، بەوردبوونەوە لەبەرهەمەکانی دەستەواژە گەلێکی وەک((ئەگەر ئەمە ڕاست بیَ، ئەگەر وانەبیَ، ئەگەر بەوتەکانی باوەڕ بکرێت، ئەگەر وانەبوایە))، بەرچاو دەکەون، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە نایەویَ بڕوا بەهەموو گێڕانەوەو هەواڵ ودەقێکی مێژوویی بکات. هاوشان لەگەڵ دروست کردنی گومان لەدەقە مێژوویەکان، لەڕێگای ڕوونکردنەوە وبەدواداچوونی ورد کاریشی کردووە بۆ ڕەواندنەوەی گومان ودوودڵی لەسەر ڕاستیە مێژوویەکان. بۆنموونە بەدرێژی ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوە کە لەوانەیە لەهەست وهۆشی خوێنەر دروست بوویَ لەوەی سەرەڕای سەرپێچی چەند جارەی لەبڕیارو ڕێنماییەکانی کاپتن بیل ولەڕوو وەستانەوەی بەڵام بیل ئەوەی لەحلمی قبول کردووە تەنانەت لەهەندیَ باردا خۆی دەست پێشخەربووە لەئاشت کردنەوەی(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦،١٣٥-١٣٨). هەروەها وبەپشت بەستن بەسەرچاوەی مێژوویی باوەڕ پێکراو بەشێوێکی زانستیانە هەموو ئەو گومانانە لەسەر شۆڕشە کوردیەکانی دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیستەم دەڕەوێنێتەوە کە هەندێک بەهاندان ودەستی بێگانەیان زانیون(ڕەفیق حلمی،الاکراد...،١٩٣٤،٤٥-٥٧).هەروەها لەپەرتوکی(مقالات) گومان وبۆچوونەکانی سەگبان پووچ دەکاتەوە کە دەربارەی ڕەگەز وزمان وبزافی ڕزگاریخوازی کوردی دروستی کردبوون(حلمی، مقالات،١٩٥٦، ٥-٧٩).

هەروەها دانانی گریمانە وەک ڕێگا ومیکانیزمێک بۆگەیشتن بەڕاستیەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، بۆ نموونە دەربارەی ئەو نامەی کە ئۆزدەمیر بۆ حەمدی بەگی نووسیووە کەتێدا هاتووە تورکەکان حەمدی بەگیان ڕازیکردووە کە پشت بکاتە ئینگلیز وهاوکاری تورک بکات، حەمدی

بەگیش بەنامەیێک وەڵامی تورکەکانی داوەتەوە تێدا لایەنگیری خۆی بۆ دووپات کردونەتەوە. حلمی گومانی ئەوە دەکات نامەکەی ئۆزدەمیر بۆحەمدی بەگ لەبنچینەدا فرت وفێڵی ئینگلیزەکان بێ خۆیان ناردبێتیان بۆحەمدی بەگ تاوەکو تاقی بکەنەوە،هەروەها گریمانەی ئەوەش دەکات لەوانەیە نامەکە ڕاست بێت وئۆزدەمیر بۆحەمدی بەگی نوسیبێ. بۆمەسەلەی گەیاندنەوەی وەڵامەکەی حەمدی بەگیش بەدەستی ئینگلیزەکان دووگریمانە دادەنێت یان تورکەکان بۆ تێکدانی نێوانی حەمدی بەگ وئینگلیز خۆیان وەڵامەکەی حەمدی بەگیان گەیاندۆتەوە ئینگلیزەکان، یاخود یەکێک لەنزیکەکانی حەمدی بەگ خیانەتی لێی کردووە وەڵامەکەی حەمدی بەگی داوەتە ئینگلیزکان(ڕەفیق حلمی،ب٤،١٩٥٦ ،١١٧-١١٨).

## ٣- شێوازی کورتکرنەوەی زانیاریەکان

کورتکرنەوەی زانیاری ودەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێک شێوازێکی ترە حلمی لەخستە ڕووی زانیاریە مێژوویەکان پەیڕەوی لێکردووە، لەو ڕێگایەوە خوێنەر بە بێ ماندوو بوونێکی ئەوتۆ دەگاتە دەرئەنجامێکی پوخت دەربارەی ئەوپرسانەی کە مێژوونووس دەیان وروژێنێ. بۆنموونە پوختەی مەبەستی ئینگلیزەکانی لەدووبارە هێنانەوەی پێشەوەی کێشەی کورد وگێرانەوەی شێخ مەحمودی لەهیندستان لەسێ خاڵدا کۆکردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٣،١٩٥٦،٩٦-٩٧).هەروەها ڕێکەوتنی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا وسەرۆک وەزیرانی تورکیا بەکر سامی(١٨٦٧-١٩٣٣) لەسێ خاڵدا خستۆتەڕوو. بەهەمان شێوە جموجۆڵەکانی بەکر سامی وسوودەکانی نزیک بوونەوەی تورکەکانی لەئیتاڵیەکان لەچەند خاڵێکدا کورت کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٢ ،١٩٥٦،١٧٨-١٨٧) هەروەها پوختەی ئەو ووتارە وەک خۆی دەڵێ ((دوور ودرێژ))ەی کە لەدەمی گەڕانەوەی شێخ محمود بۆ سلێمانی لەبەردەم چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکانی شارەکەی خوێندۆتەوە لەچەند دێرێک پوخت کردۆتەوە(ڕەفیق حلمی،ب٥ ،١٩٥٧، ١٠٣-١٠٤).

## ٤- شێوازی لێکچواندن وبەراوردکاری

حلمـــی توانـــایێکی بـــاش وســـەلیقەیێکی وردی هەبـــووە لەشـــێوازی لێکچوانـدن وبەراوردکـاری بـۆ نزیـک خسـتنەوەی بابەتەکـان لەهـزری خوێنەران وزیاتر ڕوون کردنەوەیان پەیڕەوی لەو شێوازەش کردوە بەڵام تێبینـی ئەوە دەکـرێ لەهەنـدێ بەراورد نەی پێکـاوە بەوەی بەراوردەکەی لەشـــوێنی خـــۆی نەبـــووە، بـــۆ نمـــوونە بەراوردی ورد لەنێـــوان دوو دەسەڵاتداری ئینگلیز لەکوردستانی باشور دەکات ئەوانیش (مێجەر نۆئیل) و (کاپتن بیڵ)ن، کاریگەر بوونی حلمی بەکەسایەتی نۆئیل دەیگەیێنێتە ئەو ڕادەیەی بە دۆسـتی کـوردی بزانـێ وبڵێ((زەمـان بەدڵـی( نۆئیـڵ) بچـوایە بەرێـــــوە شـــــکم لەوەدانـــــیە کە بناغەی(کوردســـــتانی گەورە)ی دا ئەمەزراند))هاوکات بێڵی وەک کەسێکی لووت بەرز و ئینگلیزێکی داگیرکەر دیوە(ڕەفیـق حلمـی،ب١ ،١٩٥٦، ٦٩-٨٩). پـێ ناچێـت حلمـی لەو قۆنـاغەدا درکـــی بەوە کردبێـــت کە هەردوو کەســـایەتی نـــوێنەرایەتی سیاســـەت وبەرنـــامەی وڵاتێکـــی داگیرکـــارو خـــاوەن بەرژەوەنـــدیان کـــردووە، وەلەهەڵســـەنگاندنەکەی ڕەوتـی ڕووداوەکـانی بەهەڵوێسـتی تـاکە کەسـی گرێداوە، دیارە هێشتا ئەوەی بۆ ڕوون نەبۆتەوە کۆڵێنیالیزم سیستەمێکی سیاسی وئابوری وسەربازی وخودان ئامانجی دیاری کراوی خۆیەتی لەو جـۆرە سیستەمانەشـدا جێگـای بۆچـوون وحەزو ئـارەزوی تـاکەکەس نـابێتەوە، گەر جیـاوازیش لەهەڵوێسـت وبیـروڕای هەنـدێ سیاسـەتمەدار وبەرپرسانیشـیان داهەبـێ ئەوە تەنیـا جیـاوازی دابەش بـوونی نەخشـەو ئەرک وفەرمـانە نەک جیـاوازی لەبەرنـامە وپـڕۆژەی سیاسیان(شـاکەلی، هەفتەنـــامەی (فەرهەنـــگ)،هەولێر، ژ(١٩)،شـــوباتی٢٠١٠،١٤) هەروەهـــا هەڵسـوکەوتی خراپـی مـێجەر سـۆن وپیـادەکردنی تونـدوتیژی بەرامـبەر دانیشـــتوانی ســـلێمانی دەچـــوێنێ بەدەســـەڵاتی قەرەقـــۆش لەوڵاتـــی میســـر(ڕەفیق حلمـی،ب٢ ،١٩٥٦، ١٠٨). لەلایێکـی تـر زانیاریەکـانی خـۆی بەراورد دەکـات بەو زانیاریـانەی کە لەپەرتـووکی (الضـحایا الـثلاث) ی

(عبـدالمنعم غـولامی١٩٠٤-١٩٦٧)یـدا هـاتوون، دواتـر بەبەراورد کـردن بەزانیاریەکـانی سـەرچاوەیکی تـر هەر چەنـدە ڕایەکەی خـۆی بەڕاسـتر دادەنیـت بەڵام لەبەر بـڕوای حلمـی بەوەی  غـولامی شـارەزاو وئاگـادار ونزیـک لەڕووداوەکـانی موسـڵە بـۆیە دەڵیۆ((سـەرچاوەی هەواڵەکـانی ئەو گومانی تیا نیە))(ڕەفیق حلمی،ب٣ ،١٩٥٦، ٦٣-٦٤).هەروەهـا ئاماژەی بەوە کـردووە کە بـایەخ وگرنگـی ولایەتـی موسـڵ بەلای تورکەکـانەوە وەکـو گرنگـــی هەردوو هەرێمـــی ئەلـــزاس ولـــۆرین(٨)بـــووە ســـەبارەت بەفەڕەنسـیەکان (ڕەفیـق حلمـی،ب٣ ،١٩٥٦، ٩٨). وە لەبـارەی  سیاسـەتی ئینگلیزەکـان لە پرسـی هێنـانە پێشـەوەی حەمـدی بەگـی بابـان بـۆ شـوێن گـرتنەوەی شـێخ محمـود دوای دورخسـتنەوەی بـۆ هیندسـتان حلمـی بـۆ ئەوەی بـۆ خـوێنەرانی ڕوون بکـاتەوە کـاری ئینگلیزەکـان لەشـوێنی خـۆی نەبـــووە بەراوردێکـــی وردی نێـــوان هەردوو کەســـایەتی دەکـــات دەرئەنجـــامێکی دروســـت دەخـــاتە بەردەســـتی خوێنەران(ڕەفیـــق حلمـــی،ب٣،١٩٥٦،٩٩-١٠٠). هەر لەچوارچێـــوەی شـــێوازی لێکچوانـــدن وبەراورد کردن وای بۆ چووە کە سیاسەتی فەڕەنسا لەسوریا دەربارەی شـــا فەیســـەڵی یەکەم وێنەیکـــی کـــۆپی کـــراو ودەقـــاودەقی سیاســـەت وهەڵوێسـتی ئینگلیزەکـان بـووە بەرامـبەر شـێخ محمـود لەکوردسـتانی باشور(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦، ٢٠٠).

**٥- شێوازی گواستنەوەی زانیاریەکان**

شێوازی گواستنەوەی دەقێکی مێژوویی لەسـەرچاوەیک، بەدوو ڕێگا دەبێت یەکەمیـان پێـی دەوتـریۆ (وەرگرتنـی پیتـی-الاقتبـاس الحرفـي).لەم جۆرەیـان دەبیۆ دەقەکە وەکو خـۆی بخـرێتە نێوان دووکەوانەی بچـووک. جـۆری دووەمیـان پێـی دەوتریۆ(وەرگرتنـی نـاپیتی- غیـر الحرفـي)، لەم جۆرەیـان تـوێژەر دەقەکە وەکو خـۆی ناخـاتەڕوو تەنیـا نـاوەڕۆکی گشـتی زانیاریەکە یاخود ماناکەی وەردەگریۆ(طه،١٩٩٠، ١٣١).

لەگواســـتنەوەی دەقە مێژوویەکـــان حلمـــی هەردوو شـــێوازی بەکارهێنـاوە،بەڵام تێبینـی ئەوە دەکـرێ لە هەردوو پەرتـوکی (الاکـراد و مقـالات) زیـاتر پەیـڕەوی لەشـێوازی یەکەم کـردووە،بەڵام لەپەرتـووکی یادداشـت بەدیـاریکراوی لەبەرگەکـانی(٤-٥)، لەهەنـدێک شـوێن شـێوازی دووەمـی پیادەکردووە،جـاری واهەیە وەرگـرتنەکە یەکجـار زۆرە ئەم شێوازەش خوێنەر دووچاری جۆرێک لەبێزاری وبێتاقەتی دەکات، دیارە حلمی درکی بەوەش کردووە بۆیە بەر لەخستنەڕوی زانیاریەکان داوایان لێدەکات ((چێکدانەیان فراوان بێ وبۆماوەیەکی کەم ئۆقرە بگرن))(ڕەفیق حلمـی،ب٤،١٩٥٦،١٥٨) کاتێـک لەژێـر نـاوی(لاپەررەیەکی تـر لەشۆرشـی عەربەکـانی عراق)بەبـێ ئەوەی خـۆی لەقەرەی ناونیشـانەکەش بـدات لەپێشـەکێکی دوور ودرێـژی (٢٢) لاپەڕەیـی سروشـتی پەرەسـەندنی بەرژوەندیە ئابوری وسیاسیەکانی بەریتانیا لەعێراق وناوچەکانی کەنداوی عەرەبی لەسییەکانی سەدەی حەفدەم تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم دەخـاتەڕوو، زانیاریەکانیشـی زیـاتر لەپەرتـوکی(علی طریـق الهنـد) وەرگرتـووە. بـێ ئەوەی ئامـاژە بەنـاوی نووسەرەکەشـی بکـات(ڕەفیق حلمـی،ب٤ ،١٩٥٦ ،١٥٧-١٧٩).دوای گواسـتنەوەی ئەم بـابەتە ڕاسـتەوخۆ باسـێکی دورو درێـژی(٣٠) لاپەڕەیـی بەسـەردێرێکی سـەرەکی(ئەنجامی شۆرشـی عـراق. فیصـل لە سـوریە. هـاتنی بـۆ عـراق. بـوونی بەمەلـک. مەسـەلەی کـورد) دەخـاتەڕوو، دواتـر سـەردێرەکە دابەشـی چەنـد ناونیشانێکی لاوەکی دەکات. بەدوور نازانرێت ئەوەش بەدەستکارێکی کەم هەر لەو پێـنج سـەرچاوەیە وەرگرتبـێ کەخـۆی ئامـاژەی پێـداوە.(ڕەفیق حلمی،ب٤ ،١٩٥٦ ،١٨٠-٢١٠).لەسەرەتای بەرگی پێنجەمیش پیادەکردنی ئەو شێوازە دووبارە بۆتەوە کاتێک باسی دەست بەکاربوونی حکومەتی کاتی عێراق لەساڵی١٩٢٠ وپەسەندکردنی پەیمانی (عێراقی- بەریتانیا)ی ساڵی ١٩٢٢ وسیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بەکورد دەکات بەدوور نازانرێت بەشێکی زۆری زانیاریەکانی تەنها لەپەرتوکی(تاریخ الوزارات

العراقيـــة) وەرگرتبـــێ هەروەک خـــۆی بەڕوونـــی تەنیـــا ئامـــاژەی هەر بەوسەرچاوەیە کردووە(ڕەفیق حلمی،ب٦،١٩٥٧،٥-٤٨).

## ٦- شێوازی گێڕانەوە

حلمـــی توانـــایێکی گەورەی لەگێـــڕانەوەی ڕووداوەکـــان و وەســـتان لەسەریان هەیە، هەروەها خەسڵەتێکی دیاری گێڕانەوەکانی حلمی ئەوەیە بەزمـانێکی ئەدەبیـانەی سـادە وسـەرنج ڕاکـێش ڕووداوەکـان دەگێـڕێتەوە ودیـدو تێڕوانینەکـانی خـۆی دەربـارەی ڕووداو وبـکەر وکـارە ئەکـتەرە سەرەکیەکان دەخاتەڕوو، بۆ نموونە بە گێڕانەوەی باسی گردبوونەوەکانی مزگەوتـی حەیـدەرخانەو جۆش وخرۆش وهەڵچوونی عەرەبەکانی بەغدا لەڕووداوەکانی شۆڕشی١٩٢٠ وخوێندنەوەی هۆنراوەکانی هەریەک لەتەها بەدری ومحمد مهدی بەسیر وێنەیێکی ڕوونـی ڕووداوەکان لەلای خوێنەر دروســـت دەکـــات(ڕەفیق حلمـــی،ب٣،١٩٥٦ ،٨٢-٨٤). هەروەهـــا دیمەنـــی ئامادەکاریەکـانی گەڕانەوەی شـێخ محمـود لەهیندسـتانەوە بـۆ سـلێمانی و ڕێوڕەسـمی پێشـوازی کـردن لێـی بەشـێوەیێکی ورد دەگێـڕێتەوە، بـاس وخواسی هەلهەلەی ئافرەتان وچەپڵە ڕێزانی لاوان و وەسـتانی ئەفسـەرانی کـورد ومامۆسـتا وقوتابیـان بـۆ پێشـوازی شـێخ سـەرنجی خـوێنەران ڕادەکێشـــــێ و بە جۆرێـــــک لە جۆرەکـــــان تـــــێکەڵ بەکەش وهەوای ڕێوڕەسمەکەیان دەکات. لەلایێکی تر بایەخی گێڕانەوەکە لەوەدایە کە کەس دیمەنەکانی ئەو ڕێوڕەسمەی باس نەکردووە، خۆشـی دان بەو ڕاستیەدا دەنـێ وەک دەڵێ((شـکم نـیە کە نەنووسـراوەتەوە)) نەک هەر ئەوەنـدەش ((ڕەنـــگە لەبیـــری ئەوانەشـــا نەمـــابێ کە خۆیـــان لەو ڕۆژەدا لەوێ بوون))(ڕەفیـق حلمـی،ب٥ ،١٩٥٧ ،٩٨-١٠٥). وێـنەی خرۆشـان وئـاهەنگی پێشوازی دانیشتوانی سلێمانی لەدەمی هـاتنی سمکۆ بۆ شـارەکە لەسـاڵی ١٩٢٣ وگوڵ باران کردنی وگوتنەوەی سرود لەلایەن قوتابیان بەشـێوەیێکی سـەرنج ڕاکـێش دەگێـڕێتەوە، ئەو ڕۆژەش بە ڕۆژێکـی مێژوویـی وگرنـگ وپیـرۆزی شـاری سـلێمانی دادەنێت هاوکـات سـمکۆش وەک((قارمـانێکی

میللی))و ((پاڵەوانی کوردستان)) وەسف دەکات(ڕەفیق حلمی ب٦،١٩٥٨ ،٤٧-٥٢). بەڵام لووتکەی گێڕانەوەکانی حلمی لەگەشتەکەی بۆ تورکیا خۆی دەنوێنێ کە بەشێوازێکی ئەدەبی جوان هەرلەسەرەتای بەڕێکەوتن تاوەکو گەڕانەوەیان بەوردی دیمەنی سروشتی وبەفربارین وئەتەکێتی ژیانی ڕۆژانە وگوزەرانی هاوڵاتیان وێنا دەکات، هەروەها زۆر لایەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، وژیاری ئەو شارو وڵاتانە ئاماژە پێ دەکات کە پێدا گوزەری کردوون (ڕەفیق حلمی، ب٣،چ١٩٩٢،٢ ،٧٢-١٧٤) بۆیەش نووسەرێک گێڕانەوەی ئەو گەشتەی وەک((پارچە ئەدەبێکی جوان ودڵگر))وەسف دەکات وپێی وایە((تامی ڕۆمانە ناودارەکانی جیهانی دەدات))(بیمار،١٩٩٦ ،٢٠٦).

**پەراوێزەکان:**

(١)شاندەکە پێکهاتبوون لەهەریەک لە ڕەفیق حلمی، ئەحمەد تەقی ،فەتاح ئەفەندی یۆزباشی، وفوزی بەگ لە٢١ شوباتی ١٩٢٣ لەڕەواندز لەگەڵ ئۆزدەمیر کۆدەبنەوە دواتر بەرەو تورکیا بەڕێدەکەون بەڵام بەهۆی بەفر بارینەوە ڕێگاکان گیراون ناتوانن ڕاستەخۆ بگەنە شوێنی مەبەست بۆیە لەڕێگای ورمی وتەورێزەوە چونەتە شاری جولفای سەر سنوری ڕوسیا دواتر بۆ تەفلیسی پایتەختی گورجستان لەوێشەوە ئەحمەد تەقی وفەوزی بەگ جیا دەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی سمکۆی شکاک دەچنە ساری قامیش، ڕەفیق حلمی وفەتاح ئەفەندی یۆزباشی لەباتومی سەر دەریای ڕەش بەکەشتی دەچنە ئەستەمبوڵ، دوای کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای تورک لە١٥نیسانی١٩٢٣ لەئەنقەرە بەڕێ دەکەون لەڕێگای شارەکانی باکوری کورستانەوە دەگەڕێنەوە سلێمانی(ڕەفیق حلمی،ب٣،چ٢ ،١٩٩٢ ،٦٦-١٧٢).

(٢) جیا لەبەرهەمە مێژوویەکانی حلمی خودان کۆمەڵێک بەرهەمی تره لەبوارەکانی ئەدەب وفێرکردن. هەروەها چەند بەرهەمێکیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی کوردی وعەرەبی.

**یەکەم: بەرهەمە چاپکراوەکانی**

١- سەرەتای علمی ژمارە، ب٢ ،١٩٣٦.
٣- شعرو ئەدەبیاتی کوردی،ب١ ،١٩٤١ ؛ ب٢ ،١٩٥٦.
٤- پاش تەمووز(شیعر)١٩٦٠.

**دووەم: بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی**

١- شعرلرم.
٢- تاریخ صلاح الدین الایوبي.

**سێیەم: وەرگێڕاوەکانی**

**١-** عزیز سامي، الجغرافیة الاولیة، صنفی چوارەم، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە،١٩٢٩.
٢- ضیاء کۆک ألب، نامیلکەی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی لەتورکیەوە،١٩٣٤.
٣- شارلس هوبر،خلاصەی مسئلەی کورد، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە،١٩٣٤.
٤- ڕۆستەم(ڕۆمان) وەرگێڕانی لەتورکیەوە(چاپ نەکراوە).
٥- لوسی بول مارگریت،(و)ک .أ. ب(کامەران بەدرخان)، دراسة في الشعر الكردي، وەرگێڕانی لە فەڕەنسیەوە،١٩٣٩(صابر،٢٠٠٧ ،١٧٩-٢١٣).

(٣) مجید خەدوری ١٩٠٨-٢٠٠٧: لەساڵی ١٩٠٨ لە شاری موسڵ لە دایک بووە، قۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی وئامادەیی لەشارەکە تەواو کردووە، دەرچووی دار المعلمین عالی(کۆلێژی پەروەردەی ئێستا)ی، شاری بەغدایە، ساڵی١٩٢٨، هەروەها بڕوانامەیکی تری بکالۆریۆسی لەساڵی١٩٣٢ لە زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت بەدەست هێناوە، دکتۆرای لەزانکۆی شیکاغۆ لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٨ وەرگرتووە تێزەکەی لەژێر ناوی(الانتدابات في عصبة الامم) بووە. لەچەندین زانکۆی ناوخۆ ودەرەوەی عێراق وانەی گوتۆتەوە، لەنێوان ساڵانی

١٩٣٩-١٩٤٧ لەوەزارەتەکانی دەرەوە وپەروەردەی عێراق کاریکردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەبواری مێژووی هاوچەرخی عێراق ولآتانی عەرەبی، لە٢٥ کانونی دووەمی ساڵی٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە.( العلاف،ج١ ،٢٠١١،٢٣٥-٢٤٠).

(٤) شوکری محمد سەگبان١٨٨١-١٩٦٠ ساڵی ١٨٨١ لەناوچەی پاقر مادەنی دیاربەکر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٠٣ خوێندنی پزیشکی لەئەکادیمیای پزیشکەوانی نەخۆشخانەی سەربازی گوڵخانە(گاتا)ی ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، دواتر درێژە بەخوێندنی پزیشکی دەدات لەکۆلیژی پزیشکی زانکۆکانی فیینا ،بەرلین،وپاریس. ئەندام ودەستەی دامەزرێنەری چەند کۆمەڵەو رێخراوێکی کوردی بووە لەوانەش، کۆمەڵەی تەعاون وتەرقی کورد، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ،کۆمەڵەی هێڤی، وخۆیبون...هتد. لەئەنجامی شکستی شۆڕشی ئاراڕات بێ ئومێد دەبێت لەخەباتی نەتەوایەتی وبڕوای بەسەرکەوتنی شۆڕشی کوردی نامێنێت ساڵی ١٩٣٢ بۆ چارەسەری پزیشکی لەئەڵمانیا دەگیرسێتەوە لەوێ لەژێر کاریگەری شکستی شۆڕشەکە وخراپی ‌بارودۆخی تەندروستی هیچ ئاسۆیێکی ڕوون بۆسەرکەوتنی خەباتی کورد بەدی ناکات وە بۆ ئەوەی دەسەلآتدارنی تورک ڕێگای گەڕانەوەی بدەن بۆ تورکیا هەر لەوێ پەرتوکێک بە بەزمانی فەرەنسی بەناوی(پرسی کورد کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان) دەنووسێ ساڵی ١٩٣٤ لە فەرەنسا بڵاوی دەکاتەوە، تێدا دەستبەرداری هەموو ئەو پرەنسیب وبۆچوون و بیروباوەڕە نیشتیمانی و نەتەوەییانەی دەبێت وەهێلێکی ڕاست وچەپیان بەسەردا دەهێنێت کە ڕۆژگارێک قەناعەتی پێان هەبووەو وەخەباتی لەپێناودا کردبوون وهەموو ژیانی خۆی بۆ نەزر کردبوو. ساڵی١٩٦٠ لەتورکیا کۆچی دوایی دەکات. (سەگبان،٢٠١٣ ،١٩-٣٤).

(٥) کارەساتی موسڵ: شێخ سەعیدی بەرزنجی باوکی شێخ مەحمودی حەفیدە یەکێک بووە لەپیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی شاری سلێمانی ودەوروبەری لەڕۆژگاری دەوڵەتی عوسمانی، ئەم دەسەلآتەشی بەمیرات لەکاکە ئەحمەدی شێخی باپیری بۆ مابویەوە. پەیوەندی بەتینی لەگەڵ سوڵتان عبدالحمیدی دووەم هەبووە. دوای کودەتای ئیتحادیەکان کۆمەڵێک لەنەیارەکانی لەسلێمانی ئەو دۆخە دەقۆزنەوە لەڕێگای ناردنی بروسکەیێک بۆ ئەستەمبوڵ

داوا دەکەن ناوبراو شاری سلێمانی چۆڵ بکات، ئەویش بەناچاری لەموسڵ ئاکنجی دەبێت، لەجەژنی قوربانی ساڵی١٩٠٨ لەگۆڕەپانی باب الطوب بەها ئەفەندی دەست درێژی دەکاتە سەر ئافرەتێکی شارەکە ئەو ڕووداوە نەخوازراوە بەسەر خانەوادەکەی دەشکێتەوە بە بێ ئەوەی دەستیان تێدا هەبێ، لەئەنجام شێخ سەعید وشێخ ئەحمدی کوڕی بەدەستی خەڵکی شاری موسڵ دەکوژرێن، وشێخ مەحمودیش دەربازی دەبێت.(غولامی،٢٠٠٤ ،١٥-٣٤)

(٦) ئۆزدەمیر: ناوی تەواوی عەلی شەفیقە ناسرابوو بە ئۆزدەمیر، لەبنچینەدا دەگەڕێتەوە سەر چەرکەسیەکانی وڵاتی میسر، لەناوەڕاستی حوزیرانی١٩٢٢ وەک ئەفسەرێکی تورک سەرکردایەتی هێزێک دەکات ودێتە ڕەواندز، بەهۆی قسە خۆشی وە زیرەکی لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هۆزەکان لەماوەی مانەوەی کاریگەری گەورەی دەبێت لەبرەو دان بەسیاسەتی تورک لەڕەواندز وناوچەکانی دەوروبەری، وەهاندانی هەندێک لەسەرۆک هۆزەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئینگلیزەکان. لە٢٢نیسانی١٩٢٣ لەبەرئەنجامی ڕووبەڕوو بونەوەی هەردوو سوپای ئینگلیز وتورک ئۆزدەمیر بە بێ بەرگری بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران ڕادەکات. (هۆمەر،٢٠٠٦ ،٥٧-٨٠).

(٧) ئەم بۆچوونەی حلمی بەرامبەر ئینگلیزەکان لەوێستگەیێکی تری ژیانی سیاسی بەدیاری کراوی لەدەمی قوڵ بوونەوەی ناکۆکیەکانی پارتی هیوا لەسەروبەندی بەرپابوونی جوڵانەوەی بارزانی دووەم١٩٤٣-١٩٤٥وپرسی بەدەست هێنانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی ودابەش بوونی ڕیزەکانی بۆ دوو ئاراستەی سیاسی جیاواز گۆڕانکاری تەواوی بەسەردادێت، ئەوەبوو حلمی نوێنەرایەتی ئەو ئاراستەیە دەکات کە پێی وابووە بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی باشتر وایە کورد دۆستایەتی ئینگلیزەکان بکات وپشتیان پێ ببەستێت، ئەم هەڵوێستە وهەندێ ڕەفتار وهەڵسوکەوتی تری حلمی هۆکاربوونە لەوەی هەندێک بەسیخوڕو پیاوی ئینگلیزی بزانن. لەبەرامبەریشدا ئاراستەیێکی چەپ هەبووە کە زامن کردنی پشتگیری یەکێتی سۆفیەتیان بۆ کێشەی کورد بەبژاردەیێکی گونجاوی قۆناغەکە زانیووە.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صابر،٢٠٠٧،١٢٨-١٣٩).

(٨) ئەلزاس ولۆرین: دوو هەرێمن لەباکوری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا، لەدوای شکستی فەڕەنسیەکان لەشەڕی سیدان لەساڵی١٨٧١ دەکەونە دەستی ئەڵمانیا، لەڕاستیدا هەرێمی ئەلزاس لەبنچینەدا سەر بەئەڵمانیا بووە بەڵام لەبەرئەنجامی پەیمانی وستیفالیا ساڵی ١٦٤٨ دەلکێنرێ بەفەڕەنسا. بەدەست بەسەرداگرتنی هەردوو هەرێمەکە ئەڵمانیا ڕووبەڕوی ڕەخنەو گازاندەی زۆر بۆوە بەوەی بنەماکانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی پێشێل کردووە، وە لەلایەنی خۆشیانەوە هەریەک لەفەڕەنسا وئینگلیزەکانیش دەست بەسەردا گرتنی هەردوو هەرێمیان بەشکستێکی گەورە دەزانی بۆ ئەوروپا، لەدوای نوشست هێنانی ئەڵمانەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانی دەستبەرداری هەردوو هەرێم بوونەوە بۆ بەرژەوەندی فەڕەنسیەکان.(أبو علية (و) ياغي،١٩٧٩ ،٤٠٤-٤٥٩).

**دەرئەنجام:**

ڕەفیق حلمی لەنێو دەستەی دووەمی مێژوونووسانی کوردی خاوەن قەڵەمێکی دیارە، ئەگەرچی ئەو لەکاتێکدا دەستی کردووە بەتۆماری مێژوو هێشتا پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو لەناو کوردا لەچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەی زانستی ڕێڕەوی خۆی وەرنەگرتبوو، وەئەوانەشی خەریکی نووسینەوەی مێژوو بوونە ژمارەیان کەم بووە، بەڵام بەوردبوونەوە لەبەرهەمە مێژوویەکانی تێبینی ئەوە دەکرێ خاوەن ڕێچکەی تایبەتی خۆی بووە لەتۆمارکردنی مێژوو.

بەسەرنج دان دان لەپاڵنەرەکانی نووسینەوەی بەرهەمە مێژوویەکانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەپێ ناچێت لەسەرەتادا حلمی پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی هەبووبێت، هەرچەندە ئەو وەک حەزێکی کەسی خۆی بەتایبەتی لەکاتی گەشتەکانی ڕووداوو بیرەوەریەکانی خۆی یادداشت کردووە. لەڕاستیدا پاڵنەرەکانی نووسینەوەی مێژوو لەلای ئەو جۆراوجۆر بوونە، بۆ نموونە بەشێکی چاولێکەری بووە وەک

نووسـینەوەی یادداشـت ئەویـش کاتێـک پەرتـووکی (المسـئلة السـوریة)ی مەجیـد خەدوری دەبینێـت کەڵـکەڵەی یادداشـت کردنـی بیرەوەریەکـانی دەکەوێتەر سەر. هەروەها پەرتووکی(الاکراد منذ فجر التاریخ) لەبنچینەدا بابەتێکی کۆڕێکە لەسەر داوای هاوڕێ ودەوروبەرەکانی ئامادەی کردووە، دواتـر لەشـێوەی ناملیکەیێـک چاپی دەکـات. جیا لەوش پەرتوکی (مقالات) کاردانەوەیە لەبەرامبەر ناملیکەیێکی شوکری محمد سەگبان نووسراوە.

ڕەخنەگـرتن لەگرنگتـرین سـیماکانی نووسـینە مێژوویەکـانی حلمـی بـــووە، بەوردبـــونەوە لەنووســـینەکانی تێبینـــی ئەوە دەکـــرێ ئەو وەک کـــوردێکی نەتەوەیـــی یاداشـــتەکانی خـــۆی وڕووداو و پەرەســـەندنەکان تۆماردەکـات، بەمانـایێکی تـر دەتـوانین بڵـێن نووسـینەوەی مێـژووی وەک ئەرکێکـی نەتەوەیـی سـەیر کـردووە، بەڵام مـیللەتەکەی خۆشـی هەڵاوێـر ناکـات لەڕەخنەگـرتن تەنـانەت بەرامـبەر نزیکتـرین وخۆشەویسـترین کەسایەتیش کە شـێخ مەحمود بووە،وە لەیادداشتەکانی زۆرترین ڕەخنە وتێبینی لەبەرنامەو هەڵسوکەوت وشـێوازی مامەڵەی شێخ هەبووە لەگەڵ دەوروبەری خۆی وەبەرامبەر ئینگلیز وتورکەکانیش، تەنانەت ئامادە نیە دوای مردنیشـی چـاو لەکەم وکوڕیەکـانی مـاوەی حـوکمرانی بپۆشـێت بـۆ نەوەکانی داهاتوو یادداشتیان نەکات، لەم لایەنەوە تێبینی دەکرێت حلمی بـــازی گەورەی بەســـەر ئەوعەقڵـــیەتە ناسیۆنالیســـتە داوە کە لەهەوڵـــی دۆزینەوەی پاساوە بۆ هەڵەوکەم وکوڕیەکان وبێگوناە نیشـاندان وبەپاک ڕاگرتنی نەتەوەو ڕەمزە نیشتمانیەکان.

بەرپەرچدانەوەی بەرامبەرەکەی یەکێکی ترە لەو میتۆدانەی کەڕەفیق حلمـی لەنووسـینەوەی مێـژوو پەیـڕەوی لێکـردووە، لەم شـێوازە حلمـی کەوتۆتە نێو گفتووگۆو جەدەلی مێژوویی، لەڕێگای هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی هەوڵی داوە ڕاستی بۆچوونەکانی بۆ بەرامبەرەکانی بسەلمێنێت، ئەم شـــێوازەش لەوەڵامـــدانەوەی ســـەگبان دیـــارە. پەیـــامی حلمـــی لەوبەرپەرچـــدانەوەیە ئەوەیە ڕێگـــری بکـــات لەچەواشـــەکردنی ڕاســـتیە

مێژووییەکان هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش بەنەوەکانی داهاتووش بڵێت مەرج نیە هەموو ئەو قەناعەت وپڕۆژە وبەرنامانەی کەسیاسیەکان لەوێستگەێک لەوێستگەکانی ژیانیان بەبەرگی نیشتمانی ونەتەوەییەوە نمایشی دەکەن وەک ڕاستێکی مێژوویی نەگۆڕو حاشا هەڵنەگر وەربگیرێن.

حلمی خاوەنی بنەمای تایبەتی ئەدەبیە لەشێوازی گێڕانەوەدا، بۆ گەیاندنی زانیاریەکانی بەخوێنەران چەندین تەکنیک وشێوازی جیاوازی گێڕانەوەی بەکارهێناوە, جیا لەوەش حلمی خودان توانایکی گەورەیە لەگێڕانەوەدا وەسەلیقەێکی وردی هەیە لەسەر وەستان لەسەر شتە بچووک وردەکان، بەتایبەتی لەگەشتەکانیدا وێنەێکی گەورەو ڕوونی ئەو ناوچانە بەشێوازێکی ئەدەبی جوان وسەرنجڕاکێش نیشاندەدات هەر لەجوگرافیای ناوچەکەو شێوازی مامەڵەی هاوڵاتیان وئاووهەواو نرخی کەلوپەل وشوێنەکانی حەوانەوە...هتد.

لەدەست نیشان کردنی ناونیشانی بابەتەکان وخستنەڕوویان تێبینی ئەوەدەکرێت هەندێ جار ڕەچاوی ڕێزبەندی بابەتەکانی بەگوێرەی ساڵ وڕووداوەکان نەکردووە لەناونیشانێک باز دەداتە سەر ناونیشانێکی تر خوێنەر دادەبڕێنێت لەزنجیرەی باسەکان دواتر دەگەڕێتەوە سەر بابەتی پێشوو، ئەمە لەهەندێ شوێنی یادداشتەکانی بەزەقی هەستیان پێدەکرێ. بەدوور نازانرێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تەنها بەباسکردنی ڕووداوەکانی کوردستان نەوەستاوەو بەڵکو شەنوکەوی پەرەسەندنە هەرێمایەتی وناوچەیەکانیشی کردووە.

بەبەراورد بەمێژوونووسە هاوسەردەمیەکانی نەتەوەکەی حلمی لەبەکارهێنانی هەندێ تەکنیکی ڕێبازی توێژینەوە بەپێش زۆرێکیان کەوتووە، لەوانەش بەکارهێنانی پەراوێز، ئەوەش بەڕەچاوکردنی ئەو ڕۆژگارەی کە یادداشتەکانی تێدا تۆمار کردووە دیاردەێکی ناوازەو

دەگــمەنە چــونکە کەم مێژوونووســـی کــورد هەبــووە پەراوێــزی بــۆ نووسینەکانی دانابێ.

بـاس کردنـی ژیـانی کەسـایەتیەکان وەک بنەمـایەکی گرنگـی تۆمـارە مێژوویەکان شوێنی تایبەت وشایستەیان لەبەرهەمە مێژوویەکانی حلمی بەتــایبەتی یادداشـــتەکانی داگیرکـــردوە، وە دەتـــوانین وەک یەکێــک لە تایبەتمەنــدیە بەرچاوەکــانی نووســینەوەی مێــژوو لەلای ئەو ئامــاژەی پێبکرێ، لەبـاس کردنـی ژیـانی کەسـایەتیەکانیش هەسـت دەکـرێ حلمـی بەدواداچـوونی ورد ونەفەسـێکی درێـژی هەیە تەنـانەت ئاگـاداری ژیـانی وەزیفـی وپیشـەی هەندێکیشـیانە بۆنمـوونە دەسـتەواژەکانی((چەند سـاڵێک ئەبـێ مـردووە)و(( ئێمـڕۆ لە بەغـدا لە وەزارەتـی داخلـیە مـودیری لە چاپـدراوەکانە بە زمـانی بێگـانە)) و((ئەو کـابرایە ئیمـڕۆ مـاوە لە(سـوق السـرای) ئێسـتەش پەنیـر ئەفرۆشـێ))((ئێسـتە لە ئیشـی حکومەتـا نـیە ولە بەغدا لە گەرەکی(أعظمية)دا ئەنیشت))ڕاستی بۆ چوونەکەمان دەسەلمێنێ.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بیرەوەری ویادداشت**

**أ- به زمانی کوردی**

- بیرەوەرییەکانی سەیید عەزیزی شەمزینی(زیندەگیی من) ئامادەکردن وساغ کردنەوەی، محەمەد حەمە باقی،چاپخانەی شفان، سلێمانی،٢٠١١.
- حلمی، پاکزە ڕەفیق، کورد وژیانێکی پڕ ئەندێشە(یادداشت )چ١، چاپخانەی ڕۆشەنبیری،هەولێر، ٢٠٠٠.

- حلمي، رفيق، یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود،ب١ – ٤، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا،١٩٥٦.
- یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب٥ ، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٧.
- یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب ٦، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٨.
- یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب٣، چ٢، ئامادەکردن ولێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی، پاکزە ڕەفیق حلمي، دار الحرية للطباعة، بەغدا،١٩٩٢.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

- الحيدري، صالح، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، ط٢،مطبعة رنج، السليمانية،٢٠٠٤.

**دووەم: پەرتووک**

**أ- بە زمانی کوردی**

- ألب، ضياء، كوك، نامیلکەی کۆمەڵایەتی، و: رەفیق حلمي، چاپخانەی دجلة، موصل،١٩٣٤.
- بيمار، عبدالرزاق، پەخشانی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغدا،١٩٩٨.
- پلیخانۆف، گئورگی، ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوو، و:سەلام مارف، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک،٢٠٠٥.
- حلمي، رفيق، سەرەتای علمی ژمارە، ب٢، چاپخانەی فنیة، بەغدا،١٩٣٦.

- حلمی، رفیق، شعر و ادبیاتی کوردی، ب ١ ، چاپخانەی تفیض، بەغدا، ١٩٤١.
- خلاصەی مسلەی کورد، و: رەفیق حلمی، موصل، ١٩٣٤.
- زراری، سەنگەر، هونەری ژیاننامە، شێوازەکانی نووسینەوەی: بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی، چ١، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر،٢٠١٩.
- ساڵح،ڕەفیق (و)سەدیق، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود،چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک،سلێمانی،٢٠٠٣.
- ساڵح، مەجید، ڕەفیق حلمی پۆرترێتی مونەووەرێکی کورد، چ١،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٨.
- سامی، عزیز، الجغرافیة الاولیة صنفی چوارەم، و: رەفیق حلمی، مطبعة الفرات، بەغدا،١٩٢٩.
- سەگبان، شوکری محمد، پرسی کورد کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر،٢٠١٣.
- شەمزینی، عزیز، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی ی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٣، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی،١٩٩٨.
- شوانی، ئاکۆ عەبدولکریم، شاری سلێمانی (١٩١٨ – ١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسی یە، چ١ ،چاپخانەی زانست، سلێمانی،٢٠٠٢.
- غولامی، عبدولمونعیم،سێ قوربانییەکە، و: ئیحسان ئێروانی ،چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٤.
- کاکەسوور، محەمەد عەبدوڵڵا ، ڕۆڵی سیاسی وکەلتوریی ئەفسەرانی کورد لەبزافی کوردایەتیی کوردستانی

باشوردا(١٩٢١-١٩٤٥،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٠.
- مەزهەر، کەمال، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، ب٢، چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١.
- مەزهەر، کەمال، مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکوردو مێژوو، چ٢،چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠٠٨.
- محەمەد ئاکۆ ،بورهان، فەلسفەی مێژوو، چ١،چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر،٢٠١٥.
- هۆمەر ،ئەحمەد حەمەد ئەمین ، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی – سیاسی١٩١٨-١٩٣٩سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی،٢٠٠٦.

**ب-بەزمانی عەرەبی**

- ابراش، ابراهيم، المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية،ط١،دار الشروق،عمان،٢٠٠٩.
- أبو علية (و) ياغي ،عبدالفتاح حسن و اسماعيل ، تاريخ أوربا الحديث والمعاصر، دار المرين، الرياض،١٩٧٩.
- احمد، ومراد، ايران وتركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل،١٩٩٢.
- عزت بادي، صالح محمد حسن ،شريف باشا حياته ودوره السياسي ١٨٦٥-١٩٥١،ط١، مطبعة وزارة التربية اربيل،٢٠٠٥.
- حسين (و) العزاوي، محسن محمد، عبدالرحمن حسين، منهج البحث التاريخي، بغداد،١٩٩٢.

- حلمــي ،رفيــق ، الاكــراد منــذ فجــر التــاريخ الــى ســنة ١٩٢٠ ،الموصل،١٩٣٤.
- حلمي، رفيق ، مقالات، مطبعة أسعد، بغداد،١٩٥٦.
- الحـويري، محمـود محمـد، مـنهج البحـث فـي التـاريخ، المكتـب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة،٢٠٠١.
- صابر، شاخوان عبدالله ، رفيق حلمى دراسة تاريخية في نشاطه السياسي والثقافي، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠٠٧.
- طه، عبدالواحد ذنون، اصول البحث التاريخي، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل،١٩٩٠.
- عثمان، حسن، منهج البحث التاريخي،ط ٣،دار المعارف، القاهرة ،١٩٧٠.
- الفضــلي، عبـدالهادي، اصــول البحــث،ط٢،مؤسســة دار الكتــاب الاسلامي،قم- ايران،٢٠٠٧.

**سێیەم : توێژینەوە ووتار**

**توێژینەوە**

- صابر ، شاخەوان عبدالله ، ڕۆڵی دەستەبژێری مافناسانی کورد لە پێشخســتنی بزافــی ڕۆشــەنبیری وهــزری لە باشــوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٥٨، گۆفاری(ئەکادیمیای کوردی)، هەولێر، ژ(٤١)، ٢٠١٨.
- هەروتی، سەعدی عوسمان، ئەدەبی زارەکی وەک سەرچاوەیێک بۆ نووسینی مێژووی کوردستان، گۆفاری(ئەکادیمیای کوردی)، هەولێر، ژ(٣٧)، ٢٠١٧.

**ووتار**

**یەکەم: بەزمانی کوردی**


- حلمی، ڕەفیق، چاپکراوی کوردی، گۆڤاری (شەفەق) کەرکوک، ژ ،(٣)، ساڵی یەکەم، مارت١٩٥٨.
- خەزنەدار، مارف، توفیق وەهبی وئەدمۆندس ووەرامی چەند پرسیارێکی بەجێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا ژ (١١٨٥)، ١١حوزیران١٩٩٠.
- شاکەلی ،فەرهاد ،لاپەڕەیەک لەئەزموونی ڕووناکبیرانی کورد ڕەفیق حلمی، هەفتەنامەی( فەرهەنگ)، هەولێر، ژ(١٩)، شوبات،٢٠١٠.
- عبدالله، نەجاتی، حزبی هیوا (١٩٣٩ – ١٩٤٥)دوو ڕەوت یەک کۆتایی، گۆڤاری (ڕابوون) ژ، (٢٦) سوید، ١٩٩٩.


**دووەم: بەزمانی عەرەبی**


- احمد، کمال مظهر، رأي للمناقشة الاطار الزمني لتأريخ العراق الحديث والمعاصر، مجلة (الحكمة)، بغداد ع(٥)، السنة الاولى، تشرين الثاني- كانون الاول ،١٩٩٨.


**چوارەم: چاوپێکەوتنی تۆمار کراو**


- چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز عزەدین مستەفا ڕەسول لەشاری سلێمانی لەبەرواری٩ ئازاری ٢٠٠٥.
- چاوپێکەوتنی کەسی تۆمارکراو لەگەڵ بەڕێز ناهیدە ڕەفیق حلمی لەشاری بەغدا لەبەرواری١١ تەموزی٢٠٠٥.

**پێنجەم:فەرهەنگ وئەنسكلۆپیدیا**

- جمال بابان، اعلام كرد العراق، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠٠٦.
- طرابيشي، جورج، معجم الفلاسفة، دار الطليعة،بيروت،١٩٩٧.
- العلاف ،ابراهيم خليل ،موسوعة المؤرخين العراقيين، ج١،دار ابن الاثير للطباعة والنشر، الموصل،٢٠١١.

**ملخص:**

يعد رفيق حلمى واحداً من المثقفين الذين ظهروا على الساحة السياسية والثقافية الكوردية بعد حرب العالمية الاولى، وكان مشاركته في مجريات احداث حركة شيخ محمود حفيد ومواكبة تطوراته،وقيادته لحزب (هيوا) خلال سنوات (١٩٣٩-١٩٤٥) مثّل نقطة تحول مهم في مسيرته السياسية. والى جانب عمله في حقل السياسة فقد ابدى حلمى نشاطاً ملحوظاً في جوانب التربية والتعليم والصحافة والترجمة، كما صنف من ضمن الجيل الثاني لمؤرخين الكورد، وعن طريق كتابته لمذكراته الشخصية وضع حلمي الحجر الاساسي لكتابة المذكرات بين الكورد. كان الهدف من هذه الدراسة هو اظهار منهج رفيق حلمى في كتابة التاريخ، إذ كان يمتلك طريقة خاصة به في تدوين المعلومات التاريخية. ولم يكتفي بسرد الاحداث سردا تأريخياً بحتاً بل ابدى حلمى رايه ومواقفه بمسؤولية وصراحة وجرأة، لذلك وجدناه جديراً بكتابة بحث عن منهاجه في كتابة التاريخ. وتكمن اهمية البحث بكون اعتماد الباحث على منهج تحليلي تأريخي وفي اطار بحث علمي مستقل ان نعرض خلالها منهج رفيق حلمي في كتابة التاريخ.

يتألف البحث من مدخل ومبحثين، وفي المدخل تطرقنا الى حياة رفيق حلمى ومؤلفاته التاريخية، وعني المبحث الاول بدراسة (العلوم المساعدة التي يستفيد منها رفيق حلمي في كتابة مؤلفاته) وشكل(منهج رفيق حلمي في كتابة التاريخ) عنواناً للمبحث الثاني والاخير. أما الخاتمة فقد تضمنت أهم ماتوصل إليه الباحث من استنتاجات.

**Abstract:**

Rafeek Hilmy is one of the intellectuals who appeared on the Kurdish political and cultural arena after the First World War. His participation in the events of Shaikh Mahmud's grandson and keeping pace with his developments and his leadership of the Hiwa Party during the years 1939-1945 represented an important turning point in his political life. In addition to his work in the field of politics, Hilmy showed noticeable activity in the fields of education, journalism and translation. He was also classified among the second generation of Kurdish historians, and by writing his personal memoirs, he set the foundation stone for writing memoirs among the Kurds.

The purpose of this study is to show Rafeek Hilmy's approach to history writing, as he had a special way of recording historical information. The importance of the research is that the researcher's reliance on a historical analytical approach and in the framework of independent scientific research presented the approach of Rafeek Hilmy in the writing of history.

The Study consists of an introductions, two parts with conclusion. The introduction is devoted for the life of Rafeek Helmy and his historical works. The first part of the study focuses on f "the supportive sciences that benefit Rafeek Helmy in the writing of his works" and the second part sheds light on “The form of Rafeek Helmy in the writing of history”. The conclusion included by the most important findings reached by the researcher.